لەبلاوكراوەكانى ماڵپەڕى ئيمان وەن

www.iman1.com

# چەند سەرباسێك

## له فەرموودە ڕاست ودروستەكانى

## پێغەمبەرى خوا

﴿صلى الله عليه وعلى آله وسلم﴾

كۆ كردنەوەو ئامادەكردنى

**باوكى حارث**

٢٠٠٩-٢٠١٠

## ( ٣١ ) دادوەری لە بەخشین لە بەینی منالآن وە جیاوازی نەکردن لە بەینی کوڕو کچ

لە نوعمانی کوڕی بەشیرخوا لێیان ڕازی بێ دەفەرموێ : ( تصدق علي ابي ببعض ماله ، فقالت امي – عمرة بنت رواحة– لا ارضى حتى تشهد رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم ، فانطلق ابي الى النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم ليشهده على صدقتي فقال له رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم افعلت هذا بولدك كلهم ؟ قال : لا ، قال : اتقوا الله واعدلوا بين اولادكم ) –متفق عليه– وفي رواية قال النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم : فلا تشهدني اذن ، فاني لا اشهد على جور –اخرجه مسل– واتە : ( باوکم بە سەدەقە هەنێك لە ماڵی خۆی پێ بەخشیم دایکم ووتی =عمرة بنت رواحة= ڕازی نابم تا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەکەی بەشایەد لە سەر ، باوکم چوو بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆ ئەوەی بیکا بە شاهێد لە سەر سەدەقەکەی بە من پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێی فەرموو ئەوەت بۆ هەموو منالەکانت کردووە ؟ ووتی نا فەرمووی : تەقوای خوا بکەن =لەخوا بترسن= دادوەر بن لە بەینی منالەکانتان ) لە ڕیوایەتێکی تر پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ( من مەکە بە شاهێد ، چونکە من نابم بە شاهێد لە سەر ستەم ) .

وە لە ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( كان رجل جالس مع النبي صلى الله عليه وسلم ، فجاءه ابن له فأخذه فقبله ثم أجلسه في حجره ، و جاءت ابنة له ، فأخذها إلى جنبه ، فقال النبي صلى الله عليه وسلم ألا عدلت بينهما ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٨٨٣ واتە : ( پیاوێك دانیشتبوو لە گەڵ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ، ئەو پیاوە کوڕێکی هات بۆ لای گرتیە باوەش و ماچی کردو لە کۆشی خۆی داینا ، وە کچێکی هات ، خستیە تەنیشتی خۆی ، پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەمە بۆ دادوەریت نەکرد لە بەینیان =عەدل نەبووی لە بەینیان دەبوا هەردوکیانت وەك یەك بخستایە باوەش و ماچت بکردنایە= ) .

### لە سوودەکانی ئەم دووفەرمووده

١– دروست نیە فەرق و جیاوازی بکەی لە بەینی منالٚ بەوەی مالٚ و سامانت بدەی بە یەکێکیان و ئەوانی تر بێ بەش بکەی .

٢– وە هەروەها بۆ کچیش نابێ فەرقی پێ بکەی لە گەڵ کوڕەکەت ئەو ماڵەی بە کوڕەکەتی بدەی ئەبێ بیدەی بە کچەکەشت وەك یەك نابێ نیوە بدەی بە کچ بە بیانوی ئەوەی لە میراتیش نیوەی

ماف هەیە نا میرات جیایەو کە خۆت لە دونیای جیایە کە هەدیەیەك یان بەخششێك بدەی بە کوڕەکەت ئەبێ بیدەی بە کچەکەشت وەك ئەو وە ئەبێ بیدەی بە هەموو منداڵەکانت بێ جیاوازی ئەگەر بێت و لە دایکی جیاش بن ئەگینا ستەمە ستەمیش تاریکیە لە ڕۆژی دوایی .

٣- سەیر بکەن تەنانەت دروست نیە لەوەش فەرق و جیاوازی بکەی لە بەینی کوڕو کچ کە کوڕەکە ماچ بکەیت و بیخەیتە باوەشت بەڵام کچەکەت فەرامۆش بکەی وەکو کوڕەکە نەیخەیتە باوەشت و ماچی بکەی !.

٤- ئەگەر تۆزێ بیر بکەینەوە لە فەرموودەی دووەم جەهالەت و نەفامی ئەو کەسانەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە بەکوڕ دڵیان خۆش ئەبێ و ئاهەنگ ئەگێڕن بە کچیش قەلس و دڵ گران ئەبن و بێزار ئەبن ئەبێ ئەمە چ تاوانێ بێ سەیر کەن ئەگەر وەك یەك نەیان خەیتە باوەش دروست نەبێ ئەی ئەگەر ناڕازی بی بەوەی خوا پێتی بەخشیوە ئەبێ چ نەفامیەك بێت و چ نا عەدالەتیەك بێ !.

٥- وە بۆمان دەر ئەکەوێ کە نابێ هیچ کەسێك ببێ بە شاهێد لە سەر ستەم .

٦- وە ئەگەر بینیمان کەسێك نا عەدالەتی کرد لە بەینی منداڵەکانی و ستەمی لێ کردن ئەبێ ئامۆژگاری بکەین و بە خوا بیترسێنین و بۆی ڕوون بکەینەوە کە ئەمە تاوانەو سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم .

ئیتر دادوەر بە ئەی براو خوشکی موسڵمانم لە بەینی منالان لە بەخشین و وەسیەت کردندا ، وە میرات گرەکانت بێ بەش مەکە لە مافی خۆیان بەڵکو لە سەرتە ڕازی بیت بەوەی کە خوا بەشی کردووە لە بەینیان وە با نەفس و ئارەزووت کارت تێ نەکا مەیل بکەی بۆ لای هەندێك لە میرات گرەکانت بێجگە لە وانی ترماڵەکەت بە ناویان بکەی و ئەوانی تر بێ بەش بکەی خۆت بخەیتە ناو ئاگر و ڕق و قینە لە بەینی منداڵەکانت بڕوێنی چەند کەس وای کرد لە پاش خۆی منداڵەکانی بووە کێشەیان و پارەکەیان هەموو لە مەحکەمە و پارێزەران سەرف کرد و جاری واشە بووە بەشەڕیان هەندێکیان بۆ گۆڕستان و هەندێکیان بۆ خەستەخانەو هەندێکیانیش بۆ سجن ڕۆیشتوون!.

## (٣٢) ئیشی ڕەش و خواردنی ماڵی حەرام

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( إنه ليس شيء يقربكم إلى الجنة إلا قد أمرتكم به و ليس شيء يقربكم إلى النار إلا قد نهيتكم عنه ، إن روح القدس نفث في روعي : إن نفسا لا تموت حتى تستكمل رزقها فاتقوا الله و أجملوا في الطلب ، و لا يحملنكم استبطاء الرزق أن تطلبوه

بمعاصي الله ، فإن الله لا يدرك ما عنده إلا بطاعته ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٨٦٦ واته : ( شتێك نەماوە نزیكتان بكاتەوە لە بەهەشت ئیللا فەرمانم پێ كردوون بەو شتە ، وە شتێك نەماوە نزیكتان بكاتەوە لە ئاگر ئیللا نەهیم لێ كردوون لەو شتە ، وە روح القدس =جبريل= فوى كرد بە دڵما=وەحی بۆ هێنام= : كە هیچ نەفسێك نامرێ تا ڕزقی خۆی تەواو نەكات جا تەقوای خوا بكەن =خۆتان بپارێزن لە سزای خوا بە دوور كەوتنەوە لە تاوان و حەرام = وە بە جوانی داوای رزق بكەن =بەحەڵاڵی= ، وە با دوا كەوتنی ڕزق واتان لێنەكات كە داوای بكەن بە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوا ، چونكە ئەوەی لای خوایە ناگەیت پێی ئیللا بە تاعەت و گوێڕایەڵی خوا نەبێ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( لا يدخل الجنة جسد غذي بالحرام ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٦٠٩ واته : ( لاشەیەك ناچێتە بەهەشت كە بە حەرام پەروەردەبوبێ و گەورەبوبێ =حەرامی دەرخوارد درابێ و بە حەرام ژیابێ= ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( من غشنا فليس منا و المكر و الخداع في النار ) .سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٠٥٨ واته : ( ئەوەی غەشمان لێ بكات لە ئێمە نیە وە فێڵ و خەڵەتاندن لە ئاگرە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( من غش فليس مني ) رواه مسلم واته : ( ئەوەی غەش بكا لە من نیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : ( آية المنافق ثلاث : إذا حدث كذب و إذا وعد أخلف و إذا ائتمن خان ) متفق عليه واته : (نیشانەی مونافیق سیانە : كە قسەی كرد درۆ ئەكا وە كە وەعدی دا خیلافی وەعدەكەی ئەكا وە كە ئەمانەتی پێ بسپێری خیانەتی تیا ئەكا).

## هەندێك لە سوودەكانی ئەم فەرموودانە

١- ئیسلام دینیكێ تەواوەو هیچ شتێك نیە كە بمان خاتە بەهەشت ئیللا پێی نیشان داوین وە هیچ شتێك نیە بەرەو ئاگرمان ببات ئیللا ئاگادار كراوینەوە لێی .

٢- هیچ كەسێك نامرێ تا ئەو ڕزقەی بۆی نوسراوە پێی نەگات و تەواوی نەكات ئەگەر ئەمە بزانین و تێی بگەین ئیتر بۆ خۆمان توشی حەرام بكەین كە دەشزانین ڕزقی خۆمان هەر ئەگا پێمان ئەوەی هی ئێمەش نەبێ ناتوانین بە دەستی بێنین.

٣- به گوناهو تاوان ڕزق داوا ناكرێ و زیاد نابێ بەڵكو به ڕێگای حەڵاڵ ئەبێ داوای بكەین بشزانین كه ڕزقی خۆمان هەر ئەگا پێمان .

٤- تاوانی ئەوەمان بۆ دەر ئەكەوێ كه به حەرام خۆی قەڵەو ئەكاو حەرام دەرخواردی ماڵ و منالّی ئەدا كه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ترساندویەتی بەوەی ناچێته بەهەشتەوه ئایا ئەم ڕزقه حەرامەی دونیا ئەگۆڕێتەوه به بەهەشت كه هەتا هەتا له نازو نیعمەت و خۆشی ئەبی تیایدا بێ بڕانەوه و بێ مردن ! ؟ .

٥- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەریه له كەسێك غەش ئەكات وه ئاگاداری كردوینەتەوه له وەی كه فێڵ و خەڵك خەڵەتاندن له ئاگره .

٦- درۆ كردن و خیانەت كردن له ئەمانەت و پەیمان شكاندن و وەعد نەهێنانه دی نیشانەی مونافیقانه =مونافیق كەسێكه به زمان و ڕووكەشی موسڵمانه بەڵام له دڵەوه كافره= .

٧- غەش كردن دروست نیه به هیچ شێوەیەك نه له موسڵمان وه نه له كافر له فەرموودەكەی كه موسلیم ڕیوایەتی ئەكا به لەفزی **=من غش=** واته هەر كەسێ غەش بكا وه له هەر كەسێك غەشەكه بكا به شێوەیەكی گشتی ، ئەوه قسەو گومانی هەندێ نەفام له خەواریج و فەرخەكانیان و هەندێ خەڵەتاو ڕەد ئەكاتەوه كه ئەڵێن له موسڵمان غەش دروست نیه بەڵام له كافر دروسته ! ئێمه هەر ئەڵێین پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی :( ئەوەی غەش بكا له ئێمه نیه) ئیتر ئەگەر ئێوەش جورئەتی ئەوەتان هەیه ڕای بگەیەنن ڕەددی ئەم فەرمووده ئەكەنەوەو وەری ناگرن ئەوه فەرموون با بتان ناسین هەر به موسڵمانەتیتان نەخەڵەتێین كه به زارەكی ڕای ئەگەیەنن! یان ئەوەته تەوبه بكەن و پەشیمان ببنەوه كه تەوبه كردنتان بەختەوەری دونیاو قیامەتی تیایه بۆتان باشتره .

## ئیشی ڕەش

ئیشی ڕەش ئەوەیه كه خەڵكانێك له ئەوڕوپا یان له وڵاتی تر بێ ئاگاداری حكومەت ئیش ئەكەن و زەریبه نادەن وه له لای حكومەت معاشی مانگانەی خۆیان وەر ئەگرن له جیاتی ئەوەی كه به درۆ ئەڵێن ئیشمان دەست ناكەوێ و ئیش ناكەین یانی له دوو لا پاره وەر ئەگرن بێ گومان كه كەسێ پارەش وەر ئەگرێ له حكومەت ئیمزایان بۆ ئەكا كه بێ ئیشەو ئیشی دەست ناكەوێ جاری واشه به درۆ خۆی نەخۆش ئەكا یان فێڵیان لێ ئەكا .

ئەوە ئیشی ڕەشە جا با فەرموودەکان جوان سەیر بکەین و تێیان بگەین ئایا درۆ وە وەعد شکاندن وە خیانەت کردن سیفەتی کێیە ؟ بێگومان سیفەتی موونافیقە نەك موسڵمان ! وە ئایا ئیشی ڕەش هەر سێ سیفەتی تیا نیە ؟ بەڵێ تیایەتی ! باشە غەش کردن فێڵ کردن و خەڵەتاندن سیفەتی موسڵمانە ؟ نەخێر پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەریە لە کەسێ غەش بکا ! ئەی چۆن ئەو موسڵمانانە جورئەتی ئیشی ڕەش ئەکەن و زۆر جارانیش ئیشە ڕەشەکەش لە گەڵ حەرامی تردایە وەك لە چێشتخانە کار بکەیت کە بەرازو ئارەقی تیایە موسڵمان چۆن ئەمە ئەکا !؟ ئەیکا کەسی وا هەیە زۆر زمانی درێژەو تەکفیری موسڵمان ئەکاو بانگەشەی جیهاد ئەکا بەڵام ئەوە کاریەتی بەڕاستی سەیرە ! وە با لێرەش ڕوون بێتەوە کە بینیتان کەسێ زوو دەوڵەمەند ئەبێ پارەی زیاتر پەیدا ئەکا خەڵك ئەپرسێ ئەوە بە چی !؟ ئەوە بەو حەرامەیە کە بۆتان ڕوون بۆوە وە زۆر حەرامی تر کە هەر خوا ئەیزانێ لە ڕیباو لە فێڵی تر خوای گەورە بمان پارێزێ .

## ( ٣٣ ) تەوقە کردنی پیاو لە گەڵ ئافرەتی بێگانە

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لأن يطعن في رأس رجل بمخيط من حديد خير من أن يمس امرأة لا تحل له ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٢٦ واتە : ( ئەگەر بە دەرزی ئاسن لە سەری پیاوێك بدرێ باشترە بۆی لە وەی دەست بدا لە ئافرەتێك بۆی حەڵاڵ نیە ) .

لە عبدالله ی کوڕی عەمر خوا لێیان ڕازی بێت دەربارەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( كان لا يصافح النساء في البيعة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٥٣٠ واتە : ( لە کاتی بەیعەت تەوقەی لە گەڵ ئافرەتانا نەئەکرد ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إني لا أصافح النساء ) صحيح الجامع ٢٥١٢ واتە : ( من تەوقە لە گەڵ ئافرەتا ناکەم ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا أمس أيدي النساء ) صحيح الجامع ٧١٧٧ واتە : ( من دەستم نادەم لە دەستی ئافرەتان ) .

وە دایکی ئیمانداران عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەربارەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ولا والله ما مست يد رسول الله صلى الله عليه وسلم يد امرأة قط غير انه يبايعهن بالكلام ) رواه مسلم واتە : ( وە نەخێر والله پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەستی

نەداوەتە دەستی ئافرەتێك قەت لە غەیری ئەوەی بە قسە بەیعەتی لێ وەر ئەگرتن =نەك وەك پیاوان تەوقەیان لە گەڵ بکاو دەست بنێتە نێو دەستیان= ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( العینان تزنیان و الیدان تزنیان و الرجلان تزنیان و الفرج یزني ) صحیح الجامع ٤١٥٠ واتە : ( چاوەکان زینا ئەکەن وە دەستەکان زینا ئەکەن وە پێیەکان زینا ئەکەن وە فەرجیش زینا ئەکا ) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

١- دەرزیەکی ئاسن بکێشن بە سەرتا چەندە بە ئازارە بەڵام باشترێکە لەوەی دەستت بدەی لە دەستی ئافرەتێ بۆت حەڵاڵ نیە !.

٢- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لەو کاتە گرنگە کە کاتی بەیعەت وەرگرتن بوو دەستی نە ئەدا لە دەستی ئافرەتان و تەوقەی لە گەڵ نەئەکردن کەواتە کەس بیانوی نیە بڵێ زەرورە هەندێ جار تەوقە لەگەڵ ئافرەتا بکەی !.

٣- کەسێ ناتوانێ بڵێ دڵم پاکەو مەبەستم خراپ نیە لە تەوقە کردن لە گەڵ ئافرەت چونکە کەس نیە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم زیاتر دڵی پاك بێو لە خوا ترس تر بێو لە مەبەستی تاوان دوور تر بێت لە گەڵ ئەوەش تەوقەی لە گەڵ ئافرەتانا نەدەکرد .

٤- چاو زینا ئەکا بە سەیر کردن و نەزەری حەرام وە دەست زینا ئەکا بە دەست دان لە ئافرەتێ بۆت حەڵاڵ نیە وە پێیەکان زینا ئەکەن بە ڕۆیشتنی بۆ حەرام و زینا وە فەرجیش زینا ئەکا یانی با بزانین دەستیش زینا ئەکا زیناکەشی دەست دانیەتی لە ئافرەتێ کە بۆی حەڵاڵ نیە ئاشکراشە کە بیدایەتی زینای گەورە بە چاوەو ئینجا بە دەست و پێ پاشان بە فەرج لە بەر ئەوە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا﴾ الاسراء ٣٢ نزیکی زینا مەکەون نەك هەر زینا مەکەن بەڵکو نزیکی مەکەون بەوەی بە چاو وە بە دەست وە بە پێ زینا بکەن چونکە ئەتانخاتە نێو ئەو تاوانە گەورەو خۆتان بۆ ناگیرێ .

کە ئەم مەسەلەیەمان بۆ ڕوون بۆوە وە لە فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەڵگەکەیمان زانی ئەوە ئیتر بۆمان نیە دوای فەتوای یان قسەی هیچ کەسێك بکەوین هەر چەندی زاناش بێ یان خەڵکی زۆریشی بە دواوە بێ .

## ( ٣٤ ) سەفەری ئافرەت بێ مەحرەم بۆ حەج و هەر شوێنێکی تر وە تەنیا بوونی پیاو لە گەڵ ئافرەت بێ مەحرەم

لە عبدالله ی کوڕی عباس خوا لێیان ڕازی بێ ئەفەرموێ : پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ( لا تسافر المرأة الا مع ذي محرم ولا يدخل عليها رجل الا ومعها محرم فقال رجل يا رسول الله اني اريد أن أخرج في جيش كذا وكذا وامرأتي تريد الحج فقال : اخرج معها ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( نابێ ئافرەت سەفەر بکا ئیللا لە گەڵ مەحرەمێکی نەبێ ، وە نابێ بچێتە لای ئیللا ئەبێ مەحرەمێکی لە گەڵ بێ جا پیاوێك ووتی ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم من ئەمەوێ لە گەڵ جەیشێکی ئاواو ئاوا دەرچم =بۆ جیهاد= وە خێزانەکەم دەیەوێ بچێ بۆ حەج پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : لەگەڵی برۆ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( و لا يخلون رجل بامرأة ، فإن ثالثهما الشيطان) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٤٣٠ واتە : ( وە با پیاوێك تەنیا نەبێتەوە لە گەڵ ئافرەتێك ، ئەوە سێهەمیان شەیتانە) .

وە لە عقبة کوڕی عامر خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : ( إياكم والدخول على النساء فقال رجل من الأنصار أفرأيت الحمو قال الحمو الموت ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ئاگادارتان ئەکەمەوە لەوەی لە ئافرەتان بچنە ژوورەوە =بچنە لایان= جا پیاوێك لە ئەنسار ووتی ئەی بینیوتە ئەگەر حەمو =خزمی مێردی ئافرەتەکە بێ وەك برای مێرد= پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : حەمو=خزمی مێرد= مردنە =وەك مردنە= ) .

### لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە

١- دروست نیە بۆ ئافرەت بە هیچ جۆرێك سەفەر بکا بە تەنیا بێ مەحرەم ( مەحرەم باوکی یان برای یان مێردی یان کوڕی یان مامی ..) .

٢- تەنانەت ئافرەت بۆی نیە سەفەری حەج بکا بێ مەحرەم .

٣- ئەگەر بێت و ئەو ئافرەتە لە گەڵ کۆمەڵێکی باشیشا بێ بۆ حەج بڕوا مادام مەحرەمی لە گەڵ نەبێ بۆی دروست نیە چونکە زانیمان کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە پیاوەکەی فەرمووکە نەچێ بۆ جیهادەکەی وە لە گەڵ خێزانەکەی بچێ بۆ حەج لە گەڵ ئەوەی کە هیچ

قافلەیەك لە قافلەی سەحابەکان باشتر نین وە هەمووشمان فەزلی جیهاد لە پێناوی خوا ئەزانین بەڵام پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم پیاوەکەی ئاگادار کردەوە واز بێنێ لە جیهادەکەی لە گەڵ خێزانەکەی بڕوا ئیتر هیچ بیانویەك و هیچ ڕێگایەك نیە بۆ ئەوەی کەسانێك لا ڕێیی بکەن و قەناعەت نەکەن و بڵێن زەرورە یان ئێمە خێزانمان بە تەنیا نیە لە گەڵ خەڵکی سیقە پێکراوا ئەچن بۆ حەج !!! ئەوە ئەگەر بۆ حەج بێ ئاوایە ئەی چی ئەڵێی بەو پیاوە ژنانیانەی =لە ڕەوشت و ئاکاریان= کە ژێر دەستەی ژنەکانیانن ناتوانن ڕێگەیان لێ بگرن لەوەی سەفەر ئەکەن بە ئارەزووی خۆیان نەك بۆ حەج بەڵکو بۆ حەرام وە هەندێ جاران یان بۆ تیجارەت یان بۆ خوێندن و یان سیاحەت بۆ شوێنێ کە پیاو بۆی نیە بچێ ئینجا ئافرەت و تەنیاش بێ !.

٤- دروست نیە ئافرەت و پیاو تەنیا بمێننەوە چونکە سێهەمیان شەیتانە .

٥- ئافرەت نابێ ڕێگە بدا بە خزمی پیاوەکەی لە گەڵی تەنیا بمێنێتەوە وە ئەوە مردنە !.

٦- کەسێ نەڵێ ئەوە جێی سیقەیە قەی ناکا چونکە کەس وەك سەحابەکان سیقە نەبوون و ئەمەشیان لێ مەنع کرا !.

٧- سەیرو سەمەرەی ئەو بە ناو زانایانەت بۆ دەر ئەکەوێ کە نەك فەتوا بۆ خەڵکی ئەدەن بە موخالەفەی ئەو فەرموودانە بەڵکو خۆیان کچەکانیان بە تەنیا ئەنێرنە وڵاتان وڵاتی موسڵمانانیش نا وڵاتی کافران بۆ خوێندن !.

ئیتر ئەی خوشك و برای موسڵمانی بەڕێز ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم شەیتان و حیزبەکەی نەتخەڵەتێنن بەوەی دوای قسەی فلان و فلان بکەویت و واز بێنی لە فەرموودەی پیێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم .

**( ٣٥ ) گەورەیی هەندێ لە دروست کراوەکان کە بەڵگەن لەسەر گەورەیی خواو توانای بێ سنوری**

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( ما السموات السبع في الكرسي إلا كحلقة ملقاة بأرض فلاة و فضل العرش على الكرسي كفضل تلك الفلاة على تلك الحلقة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٠٩ واتە : ( حەوت ئاسمانەکان لە بەرامبەری کورسی هیچ نیە ئیللا وەك حەلقەیەکە کە کەوتبێ لە ئەرزێکی چۆڵەوانی وە گەورەیی عەرش بەرامبەری کورسی وەك گەورەیی ئەو ئەرزە چۆڵەیە بەرامبەری ئەو حەڵقەیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ : ( أذن لي أن أحدث عن ملك من ملائكة الله تعالى من حملة العرش ، ما بين شحمة أذنه إلى عاتقه مسيرة سبعمائة سنة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٥١ واتە : ( ڕێم پیٚ دراوە کە باسی فریشتەیەك بکەم لە فریشتەکانی خوای بەرز لە هەڵگرانی عەرش ، لە بەینی نەرمایی گوێی تا شانی حەوت سەد ساڵە ڕێیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ : ( إن الله أذن لي أن أحدث عن ديك قد مرقت رجلاه الأرض ، و عنقه منثن تحت العرش و هو يقول : سبحانك ما أعظمك ربنا ، فيرد عليه : ما يعلم ذلك من حلف بي كاذبا ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٥٠ واتە : ( خوا ڕێی پیٚ داوم کە باسی کەڵەشێرێك بکەم کە پێیەکانی لە ئەرز دەرچوون ، وە ملیشی لە ژێر عەرشە وە ئەو دەڵیٚ : تۆ پاك و بیٚ گەردی چەند گەورەی ئەی پەروەردگارمان ، =خوای بەرز= وە لاٚمی ئەداتەوە : کەسیٚ ئەوە نازانیٚ کە بەدرۆ سوێند بە من ئەخوا ) .

## لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە

١- ئاسمانەکان لە چاوی کورسی ئەوەندە بچووکە وەك حەڵقەیەك فڕێدەیتە ئەرزێکی چۆڵ وە کورسیش لە چاو عەرش ئەوەندە بچوکە وەك ئەو حەڵقە لە چاو ئەو ئەرزە ! عەرشیش یەکێکە لە دروست کراوەکانی خوای گەورەیەو عەبدێکە بۆ خوا ئەبیٚ گەورەیی خوای بەرز چۆن بیٚ بێگومان هەر ئەتوانین بڵێین الله اكبر خوایە گیان ئێمە بڕوامان هەیە بە گەورەیی تۆ کە هەر لە خۆت گەورەیی ئەوەشێتەوە .

٢- سەیر کەن یەکێك لە فریشتەکانی کە خوا دروستی کردوون لە بەینی نەرمەی گوێی تا شانی حەوت سەد ساڵە ڕێیە !.

٣- لەوەش سەیر تر با عیبرەت لەو دروستکراوە گەورەیە وەربگرین کە هەر خوا ئەزانیٚ چەند گەورەیە ئینجا لە خوا ئەترسیٚ ئەو زیکرە ئەکا (سبحانك ما أعظمك ربنا =تۆ پاك و بیٚ گەردی چەند گەورەی ئەی پەروەردگارمان=) ئەبیٚ ئێمە چۆن جورئەتی تاوانمان هەبیٚ و غروری بمان گریٚ و لە خوا نەترسین !؟.

٤- نابیٚ گوناهێك بە کەم بزانین چونکە گوناه سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەیە کە ئەو فریشتە گەورانە لێی ئەترسن ئێمە چۆن فەرمانی بشکێنین !؟ .

ئیتر بەڕێزان با بیر بکەینەوە لە دروستکراوەکانی خوا وەك فەرمانمان پێکراوە تا گەورەیی پەروەردگارمان بۆ دەرکەوێ و لاوازی خۆمان زیاتر بناسین و غرور نەمان گرێو شەیتان فریومان نەدا و نەکەوینە داوی ، داوا لە خوای گەورەو بەرز ئەکەین بمان پارێزی لە داوی شەیتان و غروری و خۆ بەگەورە زانی .

## ( ٣٦ ) تاوانی گەندەڵی و غەش کردن و فێڵ کردن

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ما من إمام يغلق بابه دون ذوي الحاجة و الخلة و المسكنة إلا أغلق الله أبواب السماء دون خلته و حاجته و مسكنته ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٦٢٩ واتە : ( هەر پێشەوایەك =سەرۆكێك= نیە کە دەرگای دابخات لە ڕووی ئەوانەی هەژارو کەم دەرامەتن و خاوەنی پێویستین =موحتاجن= ئەوە ئیللا خوا دەرگاکانی ئاسمان دا ئەخا بە سەر هەژاری و پێویستی و کەم دەرامەتی ئەو =یانی کە ئەو پێویستی ئەبێ بە خوا بێگەومان هەموو کەسیش پێویستی بەخوایە بەڵام لەبەر ستەمەکەی دوعای لێ وەرناگیرێ= ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( المكر و الخديعة في النار ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٠٥٧ واتە : ( فێڵ و خەڵەتاندن لە ئاگرە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الله سائل كل راع عما استرعاه ، أحفظ ذلك أم ضيع ؟ حتى يسأل الرجل عن أهل بيته ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٦٣٦ واتە : ( بە تەئکید خوا پرسیار ئەکا لە هەموو شوانێك =بەرپرسێك= لەوەی خستویەتیە ژێر دەستی =بەرپرسە لەسەری= ، ئایا پاراستویەتی =ئەم ئەمانەتە= یان چواندویەتی =گوێی پێنەداوە= ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( كلكم راع ومسؤول عن رعيته الإمام راع ومسؤول عن رعيته والرجل راع في أهله ومسؤول عن رعيته والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن رعيتها والخادم راع في مال سيده ومسؤول عن رعيته وكلكم راع ومسؤول عن رعيته ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( هەمووتان شوانن =بەرپرسن= وە پرسیارتان لێ ئەکرێتەوە لەوانەی لە ژێر دەستتان بوون =بەرپرس بوون بە سەریان= پێشەوا =سەرۆکی وڵات= شوانە =بەرپرسە= وە پرسیاری لێ ئەکرێتەوە لەوانەی کە لە ژێر دەستی بوون بەرپرس بوو بە سەریانەوە وە پیاو شوانە =بەرپرسە= لە سەر خێزان و مناڵەکانی خۆی وە پرسیاری لێ ئەکرێتەوە لەوانەی بە سەریانەوە

شوان =بەرپرس= بووە وە ئافرەت شوانە =بەرپرسە= لە ماڵی مێردەکەی وە پرسیاری لێ ئەکرێتەوە لەوەی لە سەری شوان =بەرپرس= بووە وە خزمەت کار شوانە =بەرپرسە= لە ماڵی گەورەکەی وە پرسیاری لێ ئەکرێتەوە لە سەر ئەوەی لە سەری شوان =بەرپرس= بووە وە هەمووتان شوانن =بەرپرسن= وە هەمووشتان پرسیارتان لێ ئەکرێتەوە لەوەی لەسەری شوان =بەرپرس= بوون ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من غش فليس مني ) رواه مسلم واتە : ( ئەوەی غەش بکا لە من نیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ما من عبد يسترعيه الله عز وجل رعية يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته إلا حرم الله تعالى عليه الجنة ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( هیچ عەبدێك نیە کە خوا ئەیکاتە شوان و بەرپرس بە سەر خەڵکێکەوە وە بمرێ ئەو ڕۆژەی کە دەمرێ غەش =خیانەت و فێڵ= لەوانە بکا کە لە ژێر دەستی بوون ئیللا خوای بەرز بەهەشتی لە سەر حەرام دەکات ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لعنة الله على الراشي و المرتشي ) صحيح الجامع ٥١١٤ واتە : ( لەعنەتی خوا لە سەر ئەوەی ڕەشوە ئەداو ئەوەی ڕەشوە وەر ئەگرێ ) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

١- هەر بەر پرسێك دەرگا بە ڕووی هەژاران و خەڵکی موحتاج دا بخات پێویستیەکانیان بۆ جێ بە جێ نەکات ئەوە خوای بەرز دەرگاکانی ئاسمانی بە ڕوویدا دائەخات و دوعای لێ وەرناگرێ .

٢- فێڵ کردن و خەڵەتاندن لە ئاگرە جا هەر کەسێك بیکات و بە هەرشێوەیەك بێت و لە هەر کاتێکدا بێت .

٣- گەندەڵی و فێڵ کردن حەرامە بەڵام تەنها پەیوەندی بە حکومەت و سەرۆکی وڵات نیە بۆ هەموو کەسێك حەرامە وە هەموو کەسێك بەر پرسە هەر کەسە لەوە بەرپرسە کە لە ژێر دەستیەتی تەنانەت هەموو پیاوێك و هەموو ئافرەتێك وە هەتا خزمەت کاریش بەرپرسن و پرسیاریان لێ ئەکرێ لەوەی لە ژێر دەستیان بووە .

٤- ڕەشوە دان و ڕەشوە وەرگرتن لە تاوانە گەورەکانە لەعنەتی خوای لە سەرە ئەوەش تەنها بۆ بەرپرس یان مۆزەفێك نیە بەڵکو ئەوەی ڕەشوەکەش ئەدا وەك ئەو تاوانبارە .

٥– ئەوەی غەش بکا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لێی بەریە جا هەر کەسێك بێ .

٦– بۆمان دەرکەوت کە لە ئیسلام گەندەڵی و غەش و فێڵ تاوانی گەورەن بەڵام ئەوە تەنها بۆ سەرۆك و حکومەت نیە بەڵکو بۆ هەموو خەڵکە چۆن سەرۆك و حکومەت بۆی نیە گەندەڵ بێ ئاواش خەڵك هەمووی ! ئەمرۆ خەڵکێك پەیدا بوون ئەمە بووە بە کاسبیان و پارەی پێ پەیدا ئەکەن وە خەڵکی پێ لە دەورەی خۆیان کۆ ئەکەنەوە خۆیان گەندەڵن غەش ئەکەن خراپە ئەکەن دزی ئەکەن درۆ ئەکەن بەڵام ڕەخنە ئەگرن لە حکومەت و جنێوی پێ ئەدەن و بە گەندەڵی ئەزانن خۆشیان لە بیر ئەکەن ! نموونەش زۆرە بۆ ئەمە کە وەك ئەبینین خەڵکانێکی بەد ڕەوشت و ڕق هەڵگر بەرامبەری ئیسلام و ڕەوشتی بەرز پەیدا بوون لە ڕێگەی ڕۆژنامەو ئەنتەرنێتەوە پارە پەیدا ئەکەن بەوەی گوایە ڕخنە ئەگرن ! ! ! کە خۆیان شایستەی ڕخنەی زۆر گەورە ترن و زۆر لە سەرکردەکان و حکومەتمان گەندەڵ ترن هیچ نەبێ سەرکردەو حکومەتمان ئەڵێن ئێمە موسڵمانین بەڵام ئەوان بە ڕاشکاوی ڕقی خۆیان بەرامبەر بە ئیسلام ئاشکرا کردووە وە بانگەشەی بەڕەڵایی و بەد ڕەوشتی و نەمانی ڕێز و قیەم ئەکەن داوا ئەکەین لە خوا سەرکردەکانمان بخاتە سە ڕێگەی ڕاست و یارمەتیان بدا لە هەموو ئەو پڕۆژانەی کە سوود بە گەلەکەمان ئەگەیەنێ وە مۆفەقیان بکا بۆ سەرخستنی حەق و حوکم کردن بە شەریعەتی خوا و ڕێ گرتن لە وانەی ئەیانەوێ گەلەکەمان بەرەو تاریکایی بەرێ وە هیدایەتیان بدا بۆ ئەوەی هەرچی گەندەڵی و کەم و کوڕی هەیە چارسەری بکەن و بتوانن زیاتر خزمەتی خەڵکی هەژار بکەن وە داوا لە خوا ئەکەین کە گەلەکەشمان هیدایەت بدا بۆ دەست گرتنیان بە ئیسلامی ڕاستەقینەو دوور کەوتنەوەیان لە حیزبایەتی و ڕق لە یەکتر هەڵگرتن و مافی یەکتر خواردن .

**( ٣٧ ) حوکمی چونە لای فاڵچیان و قاوە گرەوەو ئەوانەی بانگەشەی زانینی غەیب ئەکەن**

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين ليلة ) رواه مسلم واتە : ( هەر کەسێ بچێتە لای فاڵ گرەوەیەك=ئەوەی بانگەشەی زانینی غەیب ئەکا= وە پرسیاری لێ بکات لە شتێك ئەوە نوێژی قبوڵ نابێ چل شەوان ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أتى عرافا أو كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد ) صحيح الجامع ٥٩٣٩ واتە : ( هەر کەسێ بچێتە لای فاڵ گرەوەیەك یان ئەوەی بانگەشەی غەیب ئەکا =ئەڵێ ئەزانێ چی ڕوو ئەدا لە داهاتوو= وە بە ڕاستی بخاتەوە

لەوەی ئەیڵێ و بە ڕاستی بزانێ ئەوە کوفری کردووە بەوەی دابەزیوە لە سەر محمد صلی الله علیە وعلی الە وسلم =کە قورئانە= ) .

## چی لەم دوو فەرمووده وەر ئەگرین

١- ئەوەی تەنها بۆ پرسیار بچێتە لای فاڵ گرەوەکان تەنها پرسیاریان لێ بکات و بڕوایان پێ نەکا ئەوە تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوەو چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نابێ !.

٢- ئەوەی پرسیاریان لێ بکاو بە ڕاستیان بزانێ ئەوە کوفری کردووە بە قوڕئان چونکە لە قورئان لە چەندین ئایەت ئاماژە بەوە کراوە کە تەنها خوا غەیب ئەزانێ .

ئیتر با ئاگادار بین چونکە ئێستا ئەمە بۆتە جۆرە کاسبیەك و خەڵکێك ڕووی تێ کردووە بە داخەوەش خەڵکی زۆریش بڕوایان پێ ئەکاو ئەچێتە لایان بۆ چاك بونەوە لە نەخۆشی و نوشتە کردن و چەندین شتی تریش زۆر بەداخەوە خەڵکی ئەوەنە نەفام هەیە کە کەسی وا کە خۆی شەلەلە و لە سەرجێگا کەوتووە و کەڕو لاڵە بەوە تێگەیشتوون کە ئەگەر سەردانی بکەن ئیتر شیفایان بۆ دێو مرازیان دێتە دی ! باشە ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە ئەی خوا عەقڵی نەداوینەتێ ؟! باشە ئەو بۆ ناتوانێ خۆی چاك بکا !؟ دەبا بەس بە دوای خورافات و شتی پڕو پوچ بکەوین با بگەڕێینەوە بۆ دینی ڕاستەقینەی ئیسلام تا لە دونیاو قیامەتمان بەختەوەر بین وە لە ڕیزی ئەوانە نەبین کە بێ عەقڵ بین و ببین بە عەبدی عەبدان !.

## ( ٣٨ ) تاوانی قسە هێنان و بردن و نەمیمەو دوو ڕوو بوون

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( لا يدخل الجنة قتات ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ناچێتە ناو بەهەشتەوە ئەوەی قسە هێنەرو قسە بەرە =بۆ فیتنە و دوو زمانە= ).

وە لە عبد الله ی کوڕی عباس خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم بە بەینی دوو قەبرا =گۆڕا= ڕۆیشت و فەرمووی : ( إنهما ليعذبان وما يعذبان في كبير بلى إنه كبير أما أحدهما فكان يمشي بالنميمة وأما الآخر فكان لا يستتر من بوله ) رواه البخاري وهذا أحد ألفاظه ورواه مسلم واتە : ( ئەوانە سزا ئەدرێن وە سزا نادرێن لە شتێکی گەورە =لە نەزەری زۆر خەڵك= بەڵێ =بەڵام= ئەوە گەورەیە =لە ئیسلام= ئەمما یەکێکیان ئەڕۆیشت بە قسە هێنان و بردن =خەریك بوو= وە ئەمما ئەوەی تریان وابوو خۆی پاك ڕا نەئەگرت لە میزی خۆی =لە کاتی میز کردنا خۆی نەدەپاراست لە میز= ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ألا أنبئكم ما العضه ؟ هي النميمة القالة بين الناس ) رواه مسلم واته : ( ئایا پێتان ڕانەگەیەنم كه بوختان و درۆ چیه ؟ ئەوەیه نەمیمەیه قسه هێنان و بردن له بەینی خەڵك ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( تجد من شر الناس يوم القيامة عند الله ذا الوجهين الذي يأتي هؤلاء بوجه وهؤلاء بجه) رواه البخاري ومسلم واته : ( ئەبینیەوه له ڕۆژی قیامەت لای خوا خراپترین كەس ئەوەیه كه دوو ڕوو بووه ئەوەی یەته لای ئەو كۆمەڵه به ڕووەك و یەته لای ئەوانی تر به ڕووەكی تر ) .

**له سوودەكانی ئەم فەرموودانه**

١- ئەوەی نەمیمه بكا قسەی خەڵكی بۆ یەكتری ببا بۆ فیتنه هەڕەشەی ئەوەی له سەره كه ناچێته بەهەشت !.

٢- قسه هێنان و بردن و فیتنه كردن له تاوانه گەورەكانه .

٣- وه سەبەبێكه بۆ سزای ناو گۆڕ خوا بمان پارێزێ له سزای گۆڕ .

٤- قسه هێنان و بردن ئەچێته ڕیزی درۆ و بوختان ئەگەریش ڕاست بێ !.

٥- دوو ڕوو خراپ ترین كەسه لای خوا له ڕۆژی قیامەت !.

دەبا بترسین لەو ڕۆژەی تەنیاین له ناو گۆڕدا خۆمان بپارێزین له تاوان كردن به گشتی وه به تایبەتی له قسه هێنان و بردن و دوو ڕوویی كردن و خۆ پاك ڕانەگرتن له میز بۆ ئەوەی خوا بمان پارێزێ له سزای گۆڕ .

**( ٣٩ ) تاوانی زیاده ڕەوی له گۆڕو كردنی به مزگەوت**

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لعنة الله على اليهود والنصارى اتخذوا قبور انبيائهم مساجد ) رواه البخاري ومسلم واته : ( نەفرەتی خوا له جولەكەو دیانەكان گۆڕی پێغەمبەرانیان كرد به مزگەوت ) .

وه ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەت ئەكا به سەنەدێكی ڕاست له ( عبدالله بن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ له پێغەمبەرەوه صلى الله عليه وعلى اله وسلم كه فەرمویەتی : ( ان من شرار الناس من تدركهم الساعة

وهم احياء ، والذين يتخذون القبور مساجد ) واته : ( له خرابترینی خەڵك ئەوانەن كە قیامەت ئەیانگاتێ ئەوانیش زیندون ، وە ئەوانەی گۆڕەكان ئەكەن بە مزگەوت ) .

( وعن حيان بن حصين قال قال لي علي رضي الله عنه ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم ألا تدع صورة إلا طمستها ولا قبرا مشرفا إلا سويته ) رواه مسلم وأبو داود والترمذي واته : ( له حیان ی كوڕی حصین ووتی علی خوا لێی ڕازی بێ پێی ووتم : ئایا نەت نێرم بەوەی كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم منی بۆ ڕەوانە كرد =ڕایسپاردم= بەوەی كە هیچ ڕەسمێك نەهێڵیەوە ئیللا ڕەشی بكەیەوە وە هیچ قەبرێكی بەرز نەهێڵیەوە ئیللا ڕاستی بكەیتەوە =نەوی بكەیتەوە=) .

وە له جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( نهى النبي صلى الله عليه وسلم ان يجصص القبر وأن يبنى عليه وأن يقعد عليه) رواه مسلم واته : ( پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی كرد لەوەی قەبر گەچ =چەمەنتۆ= بكرێ وە نەهەی كرد لەوەی قەبر بینای لە سەر بكرێ وە نەهی كرد لەوەی كەسێ لە سەر قەبر دانیشێ ) .

له ڕیوایەتێكی لای ترمژی ئەو زیادەیەشی تێدا كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی كرد لەوەی : ( وأن يكتب عليها ) واته : ( وە نەهی كرد لەوەی بنوسرێ لە سەر قەبر ) .

**له سوودەكانی ئەم فەرموودانە**

١- ئەوەی گۆڕی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بكا بە مزگەوت بەر لەعنەتی خوا ئەكەوێ !.

٢- ئەوە جولەكەو دیانەكان بەر لەعنەتی خوا كەوتن كە گۆڕی پێغەمبەرانیان كرد بە مزگەوت ئەی چی ئەڵێی بە كەسێك گۆڕی كەسانێك ئەكەن بەمزگەوت كە پلەو پایەیان قەت ناگاتە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام وە ئەگەر پیاوی چاك بن بەوە چاكن شوێنی پێغەمبەران كەوتون علیهم الصلاة والسلام !.

٣- خرابترین كەس ئەو كەسانەن كە گۆڕ دەكەن بە مزگەوت مزگەوتی لە سەر دروست ئەكەن ! ئەمە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئیتر با بە قسەی ئەو گۆڕ پەرستانە نەخەڵەتێین كە خەڵكی هان ئەدەن بۆ زیادە ڕەوی لە گۆڕی پیاو چاكان و مزگەوت دروست كردن لە سەری بزانین لەعنەت ئەوەیە كە وەك شەیتان بێ بەش بوونە لە ڕەحمی خوا !.

٤- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم قەدەغەی کردووە کە قەبر بنوسرێ یان بینای لە سەر بکرێ و گەچ کاری بکرێ و سەب بکرێ وە قەدەغەی کردووە لە سەری دانیشین ، دەبا ئەو کەسانەی ئەیانەوێ خێر بکەن بۆ مردوو ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەو پارەی لە قەبری مردوو سەرفی ئەکەن با بیدەن بە هەژاران تا مردووەکەش دوو دوعای ڕەحمەتی بۆ بکرێ ! نەك بۆ ناوو دەنگ تا بڵێن ئەمە قەبری فڵانە خۆمان توشی ئەم تاوانە بکەین سەر پێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بکەین .

٥- شارەوانی و حکومەت ئەبێ ڕێگە بگرن لەوەی کەسێ قەبر بەرز بکاتەوە وە واجبی سەر شانیانە کە ڕەسم و قەبری بەرز نەهێڵن ئەمە واجبی ئەوانەو لای خوا پرسیاریان لێ ئەکرێتەوە نابێ کەسێ لە خۆیەوە هەڵسێ بە تێکدانی قەبر ئەمە تەنها واجبی سەر شانی حکومەتە ئێمە لە سەرمانە خەڵکی ئاگادار بکەینەوە بە علم و ئەو فەرمووداناەیان بۆ ڕۆشن بکەینەوە حکومەتیش لە سەریەتی مەنعیان بکا ، بەڵام هیچ نەبێ قەبری خۆمان زیادە ڕەوی تیا نەکەین و وەسیەت بکەین کە لە پاش مردنمان هەرچی نا شەرعیە بەناوی ئێمەوە نەکرێ !.

## ( ٤٠ ) چۆنیەتی سەردانی گۆڕستان و هەندێ لە ئەحکامەکانی

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (کنت نهیتکم عن زیارة القبور ألا فزوروها فإنها ترق القلب و تدمع العین و تذکر الآخرة و لا تقولوا هجرا) .صحیح الجامع ٤٥٨٤ واتە : ( من نەهیم لێکردبوون لە سەردانی گۆڕەکان ئێستا ئاگادارتان ئەکەمەوە=پێتان ڕائەگەیەنم= کە سەردانی گۆڕەکان بکەن سەردانی کردنی گۆڕەکان دڵ نەرم ئەکات وە چاو ئەگرێنێ وە ڕۆژی دواییتان بیر ئەخاتەوە وە شتێ مەڵێن =لەکاتی سەردانی کردنی گۆڕەکان= کە نا ڕەواو باتڵ بێ =شتی ناشەرعی مەڵێن=) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ :(نهیتکم عن زیارة القبور فزوروها فإنها تذکرکم الموت) . صحیح الجامع ٦٧٩٠ واتە : ( نەهیم لێکردبوون لە سەردانی گۆڕەکان =لەمەودوا= سەردانی بکەن سەردانتان بۆ گۆڕەکان مردنتان بیر ئەخاتەوە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هاوەڵەکانی خۆی فێر ئەکرد ئەگەر چوون بۆ سەردانی گۆڕستان بڵێن : ( السَّلَامُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَلَاحِقُونَ

أَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمْ الْعَافِيَةَ ) رواه مسلم واته : ( السلام عليكم خاوەنی ماڵەکان لە بڕواداران و موسڵمانان وە ئێمەش ان شاء الله بەدواتان دێین =بە بڕواوە= داوای سەلامەتی لە سزا و هەموو ناخۆشیەك لە خوا ئەكەم بۆ ئێوەو بۆ خۆمان ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ليس منا من ضرب الخدود وشق الجيوب ودعا بدعوى الجاهلية ) رواه البخاري ومسلم واته : ( لە ئێمە نیە ئەوەی لە ڕومەتەکانی خۆی بدا وە یەقەی دادڕی =بدڕێنێ= وە بانگ بکا بە بانگەوازی جاهیلی =ڕۆ ڕۆ برا ڕۆ باوکە ڕۆ بکا وەك سەردەمی جاهیلی=) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الميت يعذب في قبره بما نيح عليه ) رواه البخاري ومسلم واته : ( مردوو سزا ئەدرێ لە گۆڕەکەی بەو گریان و ڕۆ ڕۆیەی لە سەری ئەکرێ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم جارێکیان بە لای ئافرەتێك تێپەڕی کە ئەگریا لە سەر قەبرێك پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی: ( اتقي الله واصبري قالت : إليك عني فأنك لم تصب بمصيبتي ولم تعرفه فقيل لها : إنه النبي صلى الله عليه وسلم . فأتت باب النبي صلى الله عليه وسلم فلم تجد عنده بوابين فقالت : لم أعرفك . فقال : إنما الصبر عند الصدمة الأولى ) متفق عليه واته : ( تەقوای خوا بکە =لە خوا بترسە و خۆت لە سزای بپارێزە= وە ئارام بگرە .

ئافرەتەکە ووتی : وازم لێبێنە تۆ توشی ئەو موسیبەتەی من نەبووی ئافرەتەکە نەیناسی =کە ئەوە پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم= پێیان ووت : ئەمە پێغەمبەر بوو صلى الله عليه وعلى اله وسلم . جا ئافرەتەکە هاتە لای دەرگای پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەرگاوانی نەبینی لای ! ئافرەتەکە ووتی : من تۆم نەناسی . =پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم= فەرمووی : ئارام گرتن لە گەڵ بیدایەتی موسیبەتە=لە یەکەم لێدانە لە دڵ یانی لە موفاجەئەی یەکەم بە موسیبەتە= ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لان يجلس أحدكم على جمرة فتحرق ثيابه فتخلص إلى جلده خير له من أن يجلس على قبر) مسلم واته : ( ئەگەر یەکێکتان دانیشێ لە سەر پشکۆیەك ئاگر جلەکەی بسوتێنێ وە ئاگرەکە بگاتە پێستەی بۆی چاکترە لەوەی دابنیشێ لە سەر قەبر ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (لا تصلوا إلى القبور، ولا تجلسوا عليها) مسلم واته : ( نوێژ مەکەن ڕووەو قەبر ، وه لە سەری دامەنیشن ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( أربع في أمتي من أمر الجاهلية لا يتركونهن الفخر في الأحساب والطعن في الأنساب والاستسقاء بالنجوم والنياحة وقال النائحة إذا لم تتب قبل موتها تقام يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرع من جرب ) رواه مسلم واته : ( چوار شت لە ناو ئوممەتی من هەن کە لەو شتانەی سەردەمی جاهیلیەتە=هی سەردەمی پێش ئیسلامەو ئیسلام ڕێگەی لێ گرتووە= بەڵام =خەڵکێك لەو ئوممەتە=وازی لێناهێنن فەخر کردن =خۆ هەڵکێشان= بە حەسەب =بە دەوڵەمەندی و پلەو پایەو ئازایەتی و ئەمانە= وه تانە دان لە نەسەب =تانە لەوەی کە کوڕی فلانەو لە فلانەو فلانە عەشیرەتە یان ئینکاری کردنی کە لەو عەشیرەتیەو لەو باوکەیە= وە داوا کردنی باران لە ئەستێران =بەوەی وابزانی بە هۆی دەرچونی فلان ئەستێرە باران ئەبارێ= وه سەردولکەو لاوانەوە لەسەر مردوو وه ئەو کەسەی سەردولکەو لاوانەوە ئەکات لەسەر مردوو ئەگەر تەوبە نەکات پێش مردنی هەڵەسێتەوە لە ڕۆژی قیامەت جلێکی لە جرب=نەخۆشی بۆگەنی پێستی= لە بەر ئەکرێ وه کراسێکی لە ڕۆنی تواوە لە بەری ئەکرێ =بۆ ئەوەی جوان بسوتێو بۆنی بۆگەن بێ= ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا تجعلوا بيوتكم مقابر إن الشيطان يفر من البيت الذي تقرأ فيه سورة البقرة ) رواه مسلم واته : ( ماڵەکانتان مەکەنە گۆڕستان وه شەیتان ڕائەکات لەو ماڵەی سورەتی =البقرة= ی تێدا بخوێنرێتەوە ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لعن الله زوارات القبور ) صحيح الجامع ٥١٠٩ واته : ( خوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی زۆر سەردانی گۆڕەکان ئەکەن ) .

## هەندێ لە سوودەکانی وه حوکمەکانی ئەم فەرموودانە

١- پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێ کردووین بۆ ئەوەی سەردانی گۆڕستان بکەین تا دڵمان نەرم بێ و گریانمان بێت و مردن و قیامەتمان بیر بکەوێتەوە .

٢- پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەهی لێکردووین لەوەی بە دەنگ بگرین لە سەر گۆڕو شتی ناڕوا بڵێین لەوەی ناڕزایەتی دەربڕین بەرامبەر قەدەری خوا یان شتی نا شەرعی بڵێین لەوەی بچین لە قەبر بپاڕێینەوە و دوعای شیفاو منالۆ یان هەرشتێکی لێ بکەین ئەوەش گەورەترین

تاوانەو خوا لە کەسێك خۆش نابێ کە لە غەیری خوا بپاڕێتەوەو شەریك بۆ خوا دابنێ خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ یونس ١٠٦ واتە : ( لە غەیری خوا لە کەسێکی تر داوامەکە کە نە سوودت پێ ئەگەیەنێ نە زیان ئەگەر وات کرد لە غەیری خوا بپاڕێیتەوە ئەوە تۆ ئەو کاتە لە ستەم کارانی =لە موشریکانی= ) .

٣- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فێری کردووین کە سەردانی گۆڕستان بکەین بڵێین : (السَّلَامُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَلَاحِقُونَ أَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمْ الْعَافِيَةَ ) ئیتر نابێ ئەو سوننەتە تەرك بکەین شتی تر بکەین وەك ئەوەی فاتیحە بخوێنین یان هەرشتێکی تر لەبەر ئەوەی کەسمان لەوە باشتر ناتوانین هەڵبژێرین کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فێری کردووین وە کەسیشمان لەو زانا تر نین ! .

٤- نابێ نوێژ ڕووەو قەبر بکەین ، وە ناشبێ لە سەری دانیشین ئەبێ ڕێز لە مردوو بگرین جا با ئاگادار بین نە قەبر بە پیرۆز بزانین وابزانین لای قەبری پیاو چاکان شتێ باشە نوێژ بکەین ! وە نە بێڕێزی بەرامبەر قەبر بکەین بەسەری بڕۆین و دابنیشین ئاگرمان تێبەربێ لەوە باشترە !.

٥- بزانین کە مردوو سزا ئەخوات بەوەی بە دەنگ لە سەری بگری و سەردولکەو لاوانەوە لە سەری بکەیت =ئەوە ئەگەر مردووەکە بەوە ڕازی بووبێ لە ژیانی و نەی ووتبێ ئەم کارە لەسەرم مەکەن= جا ئەگەر مردوێکمان خۆش ویست با توشی سزای نەکەین !.

٦- ئەوەی لەسەر مردوو وە لەسەر گۆڕ لەخۆی بدات و کراسی بدڕی و بکا بە قیژەو هاوار ئەوە تاوانێکی گەورەی کردووە تەوبەش نەکا سزایەکی توند چاوەڕوانیەتی وە ئەو کارە لە دینی ئیسلام نیە بەڵکو لە دینی دوژمنانی ئیسلامە دینی سەردەمی جاهیلی !.

٧- خوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی لە پیشەیانە زۆر سەردانی گۆڕ ئەکەن ! .

٨- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فێری کردووین کە ماڵمان وەك گۆڕستان لێ نەکەین کە لە گۆڕستان قورئان ناخوێندرێ با ئێمە لەماڵەوە قورئان بخوێنین بە تایبەت سورەتی =البقرة= کەسێك لە ماڵەوە بیخوێنێ شەیتان لەو ماڵە ڕا ئەکات ! بەداخەوە ئێستا خەڵکێکی زۆر بە عەکسی ئەوە ئەکەن لە گۆڕستان قورئان ئەخوێنن و لەماڵەوە نایخوێنن کە دروستیش نیە لە گۆڕستان بیخوێنن ! .

دیارە زۆر سوودی تر هەن لە فەرموودەکان دەبا بگەڕێینەوە سەر ئەو فەرموودانەو فەرمانەکانی ئیسلام با واز بێنین لە هەرشتێك موخالیفی ئەو فەرموودانەیە با خەڵکێکی زۆریش بیکەن ! وەك قورئان خوێندن لە سەر گۆڕ یان وەك ئەوەی گوڵ دانان لە سەر گۆڕ کە ئەوە عادەتێکە لە جولەکەو دیانەکانەوە هاتۆتە ناو ئێمەی موسڵمان پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من تشبه بقوم فهو منهم ) صحيح الجامع ٦١٤٩ واتە : ( ئەوەی خۆی بە قەومێك بچوێنێ ئەوە لەوانە ) .

## ( ٤١ ) چەند ئاداب و ڕەوشتێك کە پێویستە فێری بین و کاری پێ بکەین و مناڵەکانمان لە سەری رابێنین

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (حق المسلم على المسلم ست : إذا لقيته فسلم عليه و إذا دعاك فأجبه و إذا استنصحك فانصح له و إذا عطس فحمد الله فشمته و إذا مرض فعده و إذا مات فاتبعه ) رواه مسلم واتە : ( مافی موسڵمان لە سەر موسڵمان شەش =دانەیە= : ئەگەر پێی گەیشتی سەلامی لێ بکە ، وە ئەگەر داوەتی کردی وەڵامی دەرەوە =بڕۆ بۆ داوەتەکە= ، وە ئەگەر داوای لێ کردی ئامۆژگاری بکەی شتێکی بۆ ڕوون کەیەوە =وەك ئەوەی پرست پێ بکە ئەو پیاوە چۆنە تا ژنی بدەینێ یان ئەو کەسە چۆنە شەراکەتی لە گەڵ بکەم=ئەوە دڵسۆز بە بۆی بە چاکی ئامۆژگاری بکە=چۆنت بۆ خۆت پێ خۆشە ئاوهاش بەو بڵێ= ، وە ئەگەر پژمی و ووتی الحمد لله ئەوە تۆ وەڵامی دەرەوە بڵێ =یرحمك الله= ، وە ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە ، وە ئەگەر مرد دوای =جەنازەکەی= بکەوە ) .

ئەوەمافی موسڵمانانە بە سەر یەکەوە ئایا چەندە ئێمەی لە سەرین لەم سەردەمەمان بە داخەوە خەریکە ئەم مافانەمان بیر ئەچێتەوە وای لێهاتووە جۆرە موسڵمانێك هەن وا ئەزانن بەس ئەوان مافیان هەیەو خەڵك ماف نیە !.

( عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَى أَعْرَابِيٍّ يَعُودُهُ قَالَ وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ عَلَى مَرِيضٍ يَعُودُهُ قَالَ لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ فَقَالَ لَهُ لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ) رواه البخاري واتە : لە عبد الله ی کوڕی عباس خوا لێیان ڕازی بێ ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم چووە لای ئەعرابیەك سەردانی کرد لە بەر نەخۆشی

وەفەرمووی : وابوو پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم کە سەردانی نەخۆشی بکردبایە ئەیفەرمووو : لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ =هیچ نیە پاك بونەوەیە ان شاء الله=) .

سەردانی نەخۆش پاداشتێکی گەوری هەیەو مافی موسڵمانە بەسەر موسڵمان بەو مەرجەی ئاداب و ڕەوشتی ئیسلامی تێدا فەرامۆش نەکرێ ببێتە مایەی دڵ خۆش کردنی نەخۆشەکە نەك ئەزێت دانی بە قسەی ناخۆش و ئاژاوە نانەوە لە بەر دەرگای خەستەخانەکان ! وە سوننەتە دوعا بۆ نەخۆشەکە بکەین بڵێین لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَلْيَقُلْ لَهُ أَخُوهُ أَوْ صَاحِبُهُ يَرْحَمُكَ اللَّهُ فَإِذَا قَالَ لَهُ يَرْحَمُكَ اللَّهُ فَلْيَقُلْ يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ ) رواه البخاري واتە : ( ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی با بڵێ الْحَمْدُ لِلَّهِ وە با براکەی یان هاوڕێکەی بڵێ يَرْحَمُكَ اللَّهُ. ئەگەر پێی ووت يَرْحَمُكَ اللَّهُ با بڵێ : يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ) .

ئەوە سوننەتی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە داخەوە خەڵکی ئەمەیان لە بیر چۆتەوە کە کەسێ ئەپژمێ ئەڵێن چاك ئەبێ ان شاء الله یان ئەڵێن سەبری هێنا وە وا ئەزانن یەك جار پژمین خراپەو دووان باشە پەنا بە خوا ئەوەش هەر یەکێکە لەو هەموو خورافاتەی تر کە لە ناو موسڵمانان بڵاو بۆتەوە با ئەوەی ئەم فەرموودانە ئەخوێنێتەوە بە ئەرکی سەر شانی خۆی بزانێ تا خەڵکی تریش فێر بکاو پێیان ڕابگەیەنێ .

وە لە =ابو هريرة= خوای لێ ڕازی بێ ئەفەرموێ : کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وابوو ( إذا عطس وضع يده أو ثوبه على فيه و خفض بها صوته ) صحيح الجامع ٤٧٥٥ واتە : ( کە بپژمیبا دەستی یان جلی ئەخستە سەر دەمی وە دەنگی پێ نزم ئەکردەوە ) .

وە لە=عبد الله بن بسر= خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وابوو ( إذا أتى باب قوم لم يستقبل الباب من تلقاء وجهه ولكن من ركنه الأيمن أو الأيسر ويقول السلام عليكم السلام عليكم ) صحيح الجامع ٤٦٣٨ واتە : ( ئەگەر بهاتبایە لای دەرگای قەومێك =ماڵێك= ئەوە بەرامبەری دەرگا نەدەوەستا و ڕووی تێ نەدەکەرد بەڵکو لە لای ڕاستی یان چەپی دەرگا ئەوەستا وە دەیفەرموو : السلام عليكم السلام عليكم ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا تأذنوا لمن لم يبدأ بالسلام ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٨١٧ واتە : ( ئیزنی کەسێ مەدەن کە بە سەلام دەست پێ نەکا ) .

( عن رجل من بني عامر أنه استأذن على النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم وهو في بيت فقال : ألج ؟ فقال النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم : اخرج إلى هذا فعلمه الاستئذان " فقل له : قل : السلام عليكم أأدخل ؟ . فسمعه الرجل فقال : السلام عليكم " أأدخل ؟ فأذن له النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم فدخل ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٨١٩ واته : ( له پیاوێك له نەوەی عامر كه ئیزنی خواستووه له پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەویش له ماڵ بووه =وا ئیزنی خواست= ووتی : بێمه ژوورەوه ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : برۆ دەرەوه بۆ لای ئەو كەسه فێری ئیزن خواستنی بكه چۆنه پێی بڵێ : با بڵێ : السلام عليكم بێمه ژوورەوه ؟ . پیاوەكه ئەمەی بیست ووتی : السلام عليكم بێمه ژوورەوه ؟ جا پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئیزنی دا و هاته ژوورەوه ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا استأذن أحدكم ثلاثا فلم يؤذن له فليرجع ) متفق عليه واته : ( ئەگەر كەسێك له ئێوه ئیزنی خواست سێ جاران ئیزنیان نەدا با بگەڕێتەوه ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لو أن امرءا اطلع عليك بغير إذن فحذفته بحصاة ففقأت عينه لم يكن عليك جناح ) رواه البخاري مسلم واته : ( ئەگەر كەسێك سەیری =ناو ماڵت بكا= به بێ ئیزن جا بەردێكی تێبگریت و چاوی پێ بڕژێنی ئەوه گوناهت له سەر نیه ) .

چەنده ئەو دەرده بڵاوه له ناومان كەسانێك له سەر بانەكانیانەوه ئەڕواننه ناو ماڵی خەڵكی یان له سەر دەرگا یان له سەر دیوار با بزانین ئەوه تاوانێكەو ئەگەر خاوەن ماڵ چاوی ئەو كەسەی كوێر كرد به بەردێك هیچی له سەر نیه بەڵام دیاره ئەوه بۆ كەسێك كه ماڵی خۆی دا پۆشیبێ نەك دەرگای واڵا كردبێ و لۆمەی خەڵكیش بكا .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا شرب أحدكم فلا يتنفس في الإناء فإذا أراد أن يعود فلينح الإناء ثم ليعد إن كان يريد ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٨٦ واته ( ئەگەر یەكێك له ئێوه خواردیەوه =ئاوو یان هەر شتێكی تر= ئەوه با له ناو جامەكه =پەرداخ دۆلكه یان هەرشتێكی تر= هەناسه نەدا له ناو جامەكه جا ئەگەر ویستی دووباره بیخواتەوه با جامەكه دوور خاتەوه له دەمی هەناسه بداو بۆی بگەڕێتەوه ئەگەر ئەیەوێ ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم وابوو : ( كان إذا شرب تنفس ثلاثا ، و قال : هو أهنأ و أمرأ و أبرأ ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٨٧ واته : ( ئەگەر ئاوی بخواردبایەوه سێجار هەناسەی

ئەدا و بە سێ جار ئەیخوارد وە ئەیفەرموو : ئەوە باشترە بۆ توێنێتوو شکاندن وە پارێزەر ترە لە نەخۆشی و نۆش ترە ) .

سبحان الله هیچ شتێك نیە سوودی دونیاو قیامەتمانی تێدا بێ ئیللا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بۆمانی ڕوون کردۆتەوە چەندە نەخۆشی توشی خەڵکی ئەبن بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو سوننەتانە ، بە ڕاستی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بۆ ئێمە لە خۆمان دڵسۆز تر بووە

چەندەی شارەزای فەرموودەت ئەبم ئەزانم تۆ دڵسۆزیت چاکەی ئێمەت ئەوێ ڕووی ڕەشە ئەوەی خۆشتی نەوێ نەفامە ئەوەی دوای فەرموودەت ناکەوێ .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (انظروا إلى من هو أسفل منكم و لا تنظروا إلى من هو فوقكم فهو أجدر أن لا تزدروا نعمة الله عليكم) متفق علیه واتە : ( سەیری ئەوانە بکەن کە لە ژێر ئێوەن =لە نیعمەتەکان و دەوڵەمەندی و هێزیان= وە سەیری ئەوانەی سەرخۆتان مەکەن =کە خوا لە ئێوە زیاتری دونیا پێ بەخشیون= ئەوە شایان ترە بۆتان تا نیعمەتی خوا بە سەرتانەوە بە کەم نەزانن ) .

ئەوە چارەسەری زیاتر لە نیوەی نەخۆشیە دەرونیەکانە ! کە دیارە زۆربەی لە ئەنجامی بیرکردنەوە دروست ئەبێ .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إذا كنتم ثلاثة فلا يتناجى اثنان دون الآخر حتى تختلطوا بالناس من أجل أن ذلك يحزنه) متفق علیه واتە : ( ئەگەر ئێوە سێ کەس بوون ئەوە با دوانتان قسە نەکەن بە نهێنی لە گەڵ یەك =پسکە پسك بکەن= بێجگە لە وی تر =کە ئەوی تر بەشدار نەکەن بە تەنیا بمێنێتەوە= هەتا تێکەڵ ئەبنەوە بە خەڵك لە بەر ئەوەی ئەمە توشی خەفەتی ئەکا ) .

ئەوە بۆمان دەر ئەخا کە دروست نیە موسڵمان بخەینە خەفەتەوەو شتێ بکەین کە ئازاری بدا ئەوەش دیارە کە دوو کەس پسکە پسك بکەن کەسی سێهەم گومانی بۆ دروست ئەبێ و شەیتانیش لە بۆسە دایە ، چەندین ڕق و قینەی بەینی خەڵك ئەوە هۆیەکەیەتی ! دە با لە ووردو درشتمان بگەڕێنەوە بۆ ئەو ئیسلامە پاکە کە بەختەوەری دونیاو قیامەتمان بۆ مسۆگەر ئەکات وە تەنها هۆیە بۆ بڵاو بوونەوەی خۆشەویستی و تەبایی .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا تقولوا : ما شاء الله و شاء فلان ، و لكن قولوا : ما شاء الله ثم شاء فلان ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٣٧ واته : ( مەڵێن : خوا ویستی له سەربێ و فلان ویستی له سەربێ ، بەڵكو بڵێن خوا ویستی له سەربێ پاشان فلان ویستی له سەر بێ =یانی ویستی كەسێكی تر مەهێننه ڕزی ویستی خوا بەڵكو ویستی هەموو كەسێك له پاش ویستی خوایه ) .

زۆر كەس زمانیان ناپارێزن وا ئەزانن قسه كردن ئەو گرنگیەی نیه با بزانین وەك له پێشتریش باسی زمانمان كردووه كه قسه گرنگی زۆری هەیه بۆی هەیه به قسەیەك بچیه بەهەشت وه بۆشی هەیه به قسەیەك بچیه ناو ئاگر ، ئەوه لای خەڵكیش ئەهەمیەتی نەبێ بەڵام لای خوا گەورەیه كه كەسێ بڵێ خواو تۆ بتانەوێ ! ویستی خواو كەسێك به یەكەوه بلكێنێ ، ئەبێ بڵێین خوا بیەوێ پاشان تۆ یان فلان ، نابێ كەسێك بێنیته ڕیزی خوا ئەو باسەش ان شاء الله زیاتر له شەرحی كتاب التوحید ڕوون ئەكەیەنه به پشتیوانی خوا .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لو يعلم المار بين يدي المصلي ماذا عليه لكان أن يقف أربعين خيرا له من أن يمر بين يديه ) رواه البخاري و مسلم واته : ( ئەگەر ئەوەی له پێشی نوێژكەرێك ئەڕوا بیزانیایه چی له سەره ئەوه ئەگەر چل =ساڵ یان مانگ یان ڕۆژ الله اعلم= بوەستایایه بۆی چاكتر بوو لەوەی كه لەپێشی نوێژكەرێكەوه بڕوات ) .

له زۆر له مزگەوتەكان یان له ماڵیش كه یەكێك نوێژ ئەكا ئەبینی خەڵك به پێشی ئەڕوات ئەوه تاوانەو با ئاگادار بین .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (من سمع رجلا ينشد ضالة في المسجد فليقل لا ردها الله عليك فإن المساجد لم تبن لهذا ) رواه مسلم واته : ( ئەگەر كەسێك بیستی پیاوێك له مزگەوت بانگی ئەوه ئەكا كه شتێكی لێ وون بووه با بڵێ خوا بۆتی نەگێڕێتەوه به تەئكید مزگەوتەكان بۆ ئەوه دروست نەكراون ) .

مزگەوت بۆ ئەوه نیه وەك ئەبینین له وڵاتی خۆمان بەكاری ئەهێنن بۆ بانگەشەی ئەوەی كه ئەوەمان بزر بووه یان دوعای ئەوەی كه فلان منداڵی به ئاسانی ببێ ئەوه هەم شتێ خیلاف به سوننەتەو تاوانەو نەهی لێكراوه هەم ئەبێته هۆی بێزار كردنی خەڵكی به دەنگی سەماعەكان و ئەبێته هۆی ڕق بوونەوەیان له مزگەوت .

وه پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لا صلاة بحضرة طعام و لا هو يدافعه الأخبثان) رواه مسلم واته : ( نوێژ نیه له کاتی خواردن ئامادەیه وه لەو کاتەی که کەسێ تەنگاو بێ =پێویست بێ بچێته سەر ئاو تەنگاوی زۆری بۆ هێنابێ= ) .
زۆر کەس وا ئەزانێ ئەگەر نەهێڵێ دەست نوێژی بشکێ به یەك دەست نوێژ چەندین نوێژ بکا ئەوه پاداشتی زیاتره ! نا وانیه سوننەته بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بشۆینەوه ، ئەبینی هەر سەلامی دایەوه ڕا ئەکات بۆ سەر ئاو ! نوێژەکەی نەزانی چۆن کرد ئەوه ئەو نوێژه نوێژ نیه ئەوەش فەرموودەی پێغەمبەری خوایه صلی الله علیه وعلی اله وسلم ، وه بیستومەو بینیومه جاری وا که نان حازر بووه ووتویانه فەرموون نانەکه سارد ئەبێتەوه کەچی کەسێك ناهاتووه به بیانوی ئەوەی نوێژەکەی پێ گرنگ تره ! خۆی وایه نوێژ گرنگ تره بەڵام لەو کاتەی نان ئاماده بێ ئەبێ نانەکه بخۆی ئینجا نوێژەکه گرنگی زیاتر ئەبێ بۆ ئەوەی بیرت هەر لای نوێژەکه بێ ، نەك پەله پەل بکەی دەنوکی به پەله له ئەرز بدەی پاشان ڕاکەی بۆ نانەکه وەك ئەوەی له ڕەمەزانا خەڵکێك وا ئەکات.
وه پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لا يقيم الرجل الرجل من مجلسه ثم يجلس فيه ولكن تفسحوا وتوسعوا ) . متفق علیه واته : ( با پیاوێ پیاوێ هەڵنەستێنێ له جێگای خۆی پاشان له جێگای دانیشێ بەڵکو مەجلیسەکەتان فراوان بکەن و جێگەی یەکتر بکەنەوه ) .
وه هاتووه له انس ی کوڕی مالك خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( ما كان في الدنيا شخص أحب إليهم رؤية من رسول الله صلى الله عليه وسلم و كانوا إذا رأوه لم يقوموا له ، لما كانوا يعلمون من كراهيته لذلك ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٥٨ واته : ( =هاوەڵەکان=کەس له دونیا نەبوو که بینینی لەلایان خۆشەویستر بێ له پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم وه ئەیان بینی له بەری هەڵ نەدەستانەوه ، له بەر ئەوەی ئەیانزانی که پێی ناخۆشه له بەری هەڵ بستنەوه ) .
وه پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من أحب أن يتمثل له الناس قياما ، فليتبوأ مقعده من النار ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٥٧ واته : ( هەر کەسێك پێی خۆش بێ که خەڵك هەڵسن بۆی ئەویش دانیشێ ئەوه با جێگەی خۆی له ئاگر ئاماده بکات ) .
ئیتر ئەوه بۆمان دەر کەوت که عادەتێکی چەنده چەوته که بڵاوه له ناومان ، له بەر هەڵسانەوه بووەته جۆرێك له خووی خەڵکی که لەبەری هەڵنەستی لێت توڕه ئەبێ و قسەت له گەڵ ناکا ! نازانێ

ئەو لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەڕێز تر نیە کەسیش لە بەری هەڵنەدەستا و قبوڵیشی نەبوو کەس لە بەری هەڵسێت .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا أكل أحدكم الطعام فلا يمسح يده حتى يلعقها أو يلعقها و لا يرفع صحفة حتى يلعقها أو يلعقها ، فإن آخر الطعام فيه بركة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٩١ واتە : ( ئەگەر کەسێ لە ئێوە خواردنی خوارد با دەستی نەسڕێتەوە هەتا ئەیلێسێتەوە یان ئەدا بە کەسێك =لە منداڵەکانی بیلێسێتەوە= وە با قاپەکەی هەڵنەگرێ تا ئەیلێسێتەوە یان ئەدا بە کەسێك =لە منداڵەکانی بیلێسێتەوە= ، کۆتایی خواردن بەرەکەتی تیایە ) .

**بەرەکەت لە خواردن نیە** ئەمە قسەی زۆر لە خەڵکیە دەبا بزانن هۆیەکەی چیە !.

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (لا يشربن أحد منكم قائما) رواه مسلم واتە : ( با کەسێك لە ئێوە بە وەستان =ئاو= نەخواتەوە ) .

ئەوەش موسیبەتێکی ترە توشمان بووە کە بە داخەوە کەم کەس گوێ بەو فەرموودانە ئەدات و گرنگی پێ ئەدەن با بزانین هەموو دەردە سەریەك توشمان بووە هۆیەکەی ئەوەیە گرنگی بە دینەکەمان نادەین و جێبەجێی ناکەین .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (كلوا و اشربوا و تصدقوا و البسوا في غير إسراف و لا مخيلة ) صحيح الجامع ٤٥٠٥ واتە : ( بخۆن و بخۆنەوە وە سەدەقە بکەن و لە بەر بکەن بە بێ زێدە ڕۆیی کردن لە سەرف کردن وە بە بێ خۆ بە گەورە زانی و فیز کردن بە سەر خەڵك ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (يا غلام إذا أكلت فقل : بسم الله و كل بيمينك و كل مما يليك) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٤٤ واتە : ( ئەی ڕۆڵە ئەگەر خواردت بڵێ : بسم الله وە بە دەستی ڕاستت بخۆ وە لەوەی پێشە خۆت بخۆ ) .

ئەبێ کەسێکمان بینی لە منداڵان فێری بکەین چۆن نان ئەخوا بە تایبەتی منداڵی خۆمان .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( ليأكل أحدكم بيمينه و ليشرب بيمينه و ليأخذ بيمينه و ليعط بيمينه ، فإن الشيطان يأكل بشماله و يشرب بشماله و يعطي بشماله و يأخذ بشماله ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٢٣٦ واتە : ( با هەر یەکێك لە ئێوە بە =دەستی= ڕاستەی بخوا وە بە =دەستی= ڕاستەی بخواتەوە وە با بە =دەستی= ڕاستەی =شت= وەر بگرێ وە بە

=دەستی= ڕاستەی =شت= بدات= ، بە تەئکید شەیتان بە چەپەی ئەخوات وە بە چەپەی ئەخواتەوە و بە چەپەی ئەدات و بە چەپەی وەر ئەگرێ ) .

**جا کێ هەیە حەز ئەکا بە شەیتان بچێت ؟!**

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا انتعل أحدكم فليبدأ باليمنى وإذا نزع فليبدأ بالشمال لتكن اليمنى أولهما تنعل وآخرهما تنزع ) متفق عليه واتە : ( ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە پێڵاوی خستە پای =لەبەری کرد= ئەوە با بە ڕاستە دەست پێ بکات وە کە دایکەند با بە چەپە دەست پێ بکات با ڕاستە یەکەمیان بێ لەخستنە پاو=لەبەرکردن= وە با ئاخیر بێ لە داکەندن =لەبەر کردنەوەی=) .

وە لە = سلمة بن الأكوع = خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( أن رجلا أكل عند رسول الله صلى الله عليه وسلم بشماله فقال : " كل بيمينك " قال : لاأستطيع . قال: " لا استطعت " . ما منعه إلا الكبر قال : فما رفعها إلى فيه ) رواه مسلم واتە : ( پیاوێك لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە چەپەی خواردی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی بە ڕاستەت بخۆ . ووتی ناتوانم . پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : هەر نەتوانی . ئەو کابرایە هیچ مەنعی نەکرد ئەمە بکا خۆ بە گەورە زانین نەبێ =سلمة= ئەڵێ : ئیتر نەیتوانی دەستی بەرز کاتەوە بۆ دەمی ) .

ئەمە زۆر کەس پێی ئەڵێی بە ڕاستە نان بخۆ خۆی بەزل ئەزانێ ! ئەڵێ بابە کەی ئەوە گرنگە شتی تری گرنگ زۆرە ! یان بیانوی پوچ ئەهێنێتەوە ئێمەش هەر ئەڵێین ئەوە فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم !.

**٤٢ فەرمانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە هێشتنەوەی ڕیش**

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( جزوا الشوارب و أرخوا اللحى خالفوا المجوس ) رواه مسلم واتە : ( سمێڵەکانتان ببڕن و کورتی بکەنەوە وە ڕیشتان بهێڵنەوە موخالەفەی =پێچەوانەی= مەجوس =ئاگر پەرستەکان= بکەن ) .

وه پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( خالفوا المشركين أحفوا الشوارب وأوفوا اللحى ) متفق عليه واتە : ( موخالەفەی =پێچەوانەی= موشریکەکان بکەن سمێڵەکانتان کورت بکەنەوە وە ڕیشتان بهێڵنەوە ) .

**لە سوودەکانی ئەم دوو فەرموودە**

١- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێکردوین بەوەی سمێڵمان کورت بکەینەوە .

٢- وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێکردوین بەوەی کە ڕیشمان بهێڵینەوە و نەیتاشین .

٣- وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی لێ کردوین خۆمان بە موشریکەکان یان ئاگر پەرستان بچوێنین لەوەی کە سمێڵمان درێژ بێ وە ڕیشمان تاشاو بێ .

وەکو درەکەوت کە زۆر ڕوون و ئاشکارایە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێ کردوین بەوەی ڕیشمان بێڵینەوە ، وە فەرمانیش مانای ئەوە ئەگەیەنێ کە واجبە ئیللا لە کاتێك نەبێ کە لە فەرموودەیەکی تر هاتبێ ڕێگای پێ دابێ ، بەڵام لێرە هەم فەرمانمان پێ کراوەو هەم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ڕیشی هێشتۆتەوەو هاوەڵەکانیش ڕەزای خوایان لێ بێ هەمووی ڕیشیان هێشتۆتەوە قەت ڕێگا نەدراوەو قەتیش ڕیشیان نەتاشیوە ، یانی هیچ بەڵگەیەك نیە تا کەسێ بتوانێ بیکاتە بەڵگەی ئەوەی کە ڕیش هێشتنەوە واجب نیە ! بەڵام ئەگەر واجبیش نەبوا خۆ هەر وەك سوننەتێك ئەمایەوە ! موسڵمانیش لایەق نیە کە واز بێنێ لە سوننەت چ جای کە واجبیش بێ ! بە تایبەتی کەسێك بانگەشەی ئەوە بکا کە بانگەواز بۆ ئیسلام ئەکا چۆن شەرم ناکا ڕیشی نەبێ ! ؟.

**٤٣تاوانی ڕیا کردن =ئەنجام دانی خوا پەرستی و چاکە بۆ ئەوەی خەڵك بتبینن نەك تەنها بۆ خوا=**

پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن أول الناس يقضى يوم القيامة عليه رجل استشهد فأتي به فعرفه نعمته فعرفها قال فما عملت فيها قال قاتلت فيك حتى استشهدت قال كذبت ولكنك قاتلت لأن يقال هو جريء فقد قيل ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار ورجل تعلم العلم وعلمه وقرأ القرآن فأتي به فعرفه نعمه فعرفها قال فما عملت فيها قال تعلمت العلم وعلمته

وقرأت فيك القرآن قال كذبت ولكنك تعلمت ليقال عالم وقرأت القرآن ليقال هو قارىء فقد قيل ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار ورجل وسع الله عليه وأعطاه من أصناف المال فأتي به فعرفه نعمه فعرفها قال فما عملت فيها قال ما تركت من سبيل تحب أن ينفق فيها إلا أنفقت فيها لك قال كذبت ولكنك فعلت ليقال هو جواد فقد قيل ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار) مسلم واته : ( یەکەم کەس کە حوکمی بە سەر ئەدریٚ لە ڕۆژی قیامەت پیاوێکە شەهید بووە =کوژراوە بەرامبەری کافران= ئەیهێنن =خوای بەرز= نیعمەتەکانی بیر ئەخاتەوەو پێی ئەناسێنیٚ بیری ئەکەوێتەوەو دانی پێدا ئەنیٚ =خوای بەرز= ئەفەرمویٚ : چیت کرد لەو نیعمەتانە چۆن بەکارت هێنا ؟ ئەڵیٚ : لە پێناوی تۆ شەڕم کرد هەتا شەهید بووم =کوژرام= =خوای بەرز= ئەفەرمویٚ : درۆت کرد بەڵام تۆ شەڕت کرد تا بڵێن پیاوێکی ئازاو بە جورئەتە جا ئەوەشیان ووت پاشان فەرمان ئەکریٚ بەوەی کە =بیخەنە ناو ئاگر= جا ڕای ئەکێشن لە سەر ڕوو هەتا ئەیخەنە ناو ئاگر ، وە پیاوێکە کە فێری زانست بووە وە فێری خەڵکیشی کردووە وە قورئانی خوێندووە جا ئەی هێنن نیعمەتەکانی بیر ئەخرێتەوە دانی پیا ئەنیٚ =خوای بەرز= ئەفەرمویٚ : چیت کرد لەو نیعمەتانە چۆن بەکارت هێنا ؟ =ئەو پیاوە= ئەڵیٚ : فێری زانست بووم وە خەڵکیشم فێر کرد وە لە پێناوی تۆ قورئانم خوێند =خوای بەرز= ئەفەرمویٚ : درۆت کرد بەڵام بۆیە فێری زانست بویت بۆ ئەوەی بڵێن زانایە وە بۆیە قورئانت خوێند تا بڵێن قورئان خوێنە ئەوەش ووترا پاشان فەرمان ئەکریٚ بەوەی کە =بیخەنە ناو ئاگر= جا ڕای ئەکێشن لە سەر ڕوو هەتا ئەیخەنە ناو ئاگر ، وە پیاوێکە خوا =ڕزقێکی= فراوانی پیٚ بەخشیوەو لە جۆرەکانی ماڵی پیٚ بەخشیوە جا ئەی هێنن نیعمەتەکانی بیر ئەخرێتەوە دانی پیا ئەنیٚ =خوای بەرز= ئەفەرمویٚ چیت کرد لەو نیعمەتانە چۆن بەکارت هێنا ؟ =ئەو پیاوە= ئەڵیٚ : ڕێگایەکم نەهێشتەوە کە تۆ پێت خۆش بیٚ تیایدا ماڵ ببەخشریٚ ئیللا ماڵم تیا بەخشیەوە بۆ تۆ=لە پێناوی تۆ= =خوای بەرز= ئەفەرمویٚ : درۆت کرد بەڵام تۆ بۆیە ئەمەت کرد تا بڵێن کەسێکی سەخیە جا ئەوەشیان ووت پاشان فەرمان ئەکریٚ بەوەی کە =بیخەنە ناو ئاگر= جا ڕای ئەکێشن لە سەر ڕوو هەتا ئەیخەنە ناو ئاگر ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ : ( ألا أخبركم بما هو أخوف عليكم عندي من المسيح الدجال ؟ الشرك الخفي : أن يقوم الرجل فيصلي فيزين صلاته لما يرى من نظر رجل ) صحيح الجامع٢٦٠٧ واته : ( ئایا هەواڵتان پیٚ بدەم دەربارەی ئەوەی کە زیاتر ترسی هەیە لام لە سەرتان

له مەسیحی دەججال ؟ شرکی=هاوبەشی= نادیار : ئەوەیە کە کەسێك هەڵسێ و نوێژ بکا وە نوێژەکەی جوان بکات لە بەر ئەوەی ئەبینێ کە کەسێك سەیری ئەکات ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( قال الله تبارك وتعالى : أنا أغنى الشركاء عن الشرك من عمل عملا أشرك فيه معي غيري تركته و شركه ) مسلم واتە : ( خوای =تبارك وتعالى= ئەفەرموێ : من لە هەموو شەریکێك دەوڵەمەن ترم لەوەی پێویستم بە شەریك بێت هەر کەسێ کردەوەیەك بکات شەریکێك دابنێ لەوکردەوەیە لە غەیری من =بۆمن و شەریکەکەش بێ= ئەوە وازی لێ ئەهێنم لە گەڵ شرکەکەی =یانی پاداشتی نادەمەوە چونکە شەریکی دانا بۆم با لەو شەریکە پاداشت وەرگرێ= ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر ، قالوا : و ما الشرك الأصغر ؟ قال الرياء ، يقول الله عز وجل لأصحاب ذلك يوم القيامة إذا جازى الناس : اذهبوا إلى الذين كنتم تراءون في الدنيا ، فانظروا هل تجدون عندهم جزاء ؟!) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٩٥١ واتە : ( لە هەموو شتێ زیاتر ئەترسم لە سەر ئێوە شرکی =هاوبەشی= بچوکترینە =بچووکە= ، ووتیان : هاوبەشی بچووکترین =بچووك= چیە ؟ =پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم= فەرمووی : ڕیا کردنە =چاکە بکەی تا خەڵکی بت بینن= ، خوای عز وجل ئەفەرموێ بە خاوەنی ئەو ڕیایە لە ڕۆژی قیامەت کە پاداشتی خەڵك ئەداتەوە : بڕۆن بۆ لای ئەوانەی کردەوەکانتان ئەکرد تا بیبینن لە دونیا =بۆئەوەتان ئەکرد تا ئەوان بیبینن= ، سەیر بکەن بزانن لای ئەوان پاداشتان دەست ئەکەوێ ! ؟) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

١- ڕیا کردن جۆرێکە لە هاوبەش دانان بۆ خوا واتە لە گەورە ترینی تاوانەکانە .

٢- کەس نابێ لە خۆ بایی بێ بڵێ من توشی نابم چونکە کەس وەك هاوەڵەکان خوا لێیان ڕازی بێ نابێت لە فەزل و گەورەیی کەچی ئەوانیش ترسی ڕیایان لە سەر بووە بە شێوەیەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم زیاتر لە فیتنەی دەججال لە وە ترساوە موسڵمانان توشی ڕیا ببن .

٣- ئەوەی ڕیا بکا ئەگەر بشکوژرێ لە بەرامبەری کافران و پارەی زۆریش ببەخشێ یان قورئانیش بخوێنێ لە سەر ڕوو ڕایئەکێشن بۆ ناو ئاگر پەنا بە خوا .

بەڕاستی ڕیا تاوانێکی ناشیرنەو باویشە لە ناو خەڵکی تەنها کەسانێك کە خوا پاراستونی با زۆر لەوە بترسین توشی بین چونکە نەك لەوەی پاداشتیش وەرناگرین بەڵکو ئەخرێینە ناو ئاگریشەوە بە هۆی ڕیا کردن موسڵمان ئەبێ خوا بپەرستێ نەوەك خەڵك خێر ئەکەیت چاکە ئەکەیت چ پێویستە خەڵك ببینێ ئەگەر بۆ خواتە یان کە نەشی بینن بۆ چاکەی خۆت بۆ خەڵکی باس ئەکەی !.

## ٤٤تاوانی ڕەزیلی وچاوچنۆکی کردن و برسی کردنی ئەوانەی ئەبێ تۆ نانیان بدەی

پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( كفى بالمرء اثما ان يحبس عمن يملك قوته ) رواه مسلم واتە : ( ئەوە بەسە کەسێ پێی تاوانبار بێت کە نانی ئەو کەسە بگرێت و نەیدات کە ئەو بەدەستەیەتی =یانی نانی ئەوان لە دەستی ئەوە=) .

وە ( ابو هريرة ) ڕەزای خوای لێبێ بۆمان لە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ( دخلت امراة النار في هرة ربطتها ، فلا هي أطعمتها ولا هي أرسلتها تاكل من خشاش الارض حتى ماتت ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ئافرەتێك لەبەر پشیلەیەك چووە ناو ئاگر چونکە بەستابیەوەو سجنی کردبوو نە خۆی نانی ئەدا نە بەڕەڵای ئەکرد لە سەر زەوی بخوا تا مرد).

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( اتقوا الظلم ، فان الظلم ظلمات يوم القيامة ، والتقوا الشح ، فانه اهلك من كان قبلكم ) رواه مسلم واتە : ( خۆتان بپارێزن لە ستەم کردن =لە خۆتان وخەڵك= ، بە تەئکید ستەم تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەت ، وە خۆتان بپارێزن لە چاو چنۆکی =ڕەزیلی و چاو بڕینە ماڵی خەڵك= ، چونکە ئەو چاو چنۆکیە ئەوانەی پێش ئێوەی لە ناو برد ) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

١- ئەوە تاوانە کە ڕەزیلی بکەی نانی ئەوکەسانە نەدەی کە لەسەرتە نانیان بدەی لە خێزان و منالّ و هەر کەسێکی تر .

٢- تەنانەت ئەگەر نانی ئاژەڵێك ببڕی تاوان بار ئەبیت بەهۆی پشیلەیەکەوە ئافرەتێ کەوتە ئاگرەوە ئەی چی بۆ ئەو کەسەی کە منالّی خۆی یان خۆشی یان میللەتێ برسی بکا !.

٣- ڕەزیلی و چاو چنۆکی هۆی لە ناو چوونە .

٤- ڕەزیلی و چاو چنۆکی سیفەتی جولەکەو دیانەکان بوو نابێ موسڵمان وەك ئەوان بێ .

٥- هەموو ستەمێك ئەبێ بە تاریکایی لە ڕۆژی قیامەت .

بەڕاستی ڕەزیلی شتێکی ناشیرنە ، ڕەزیل هەم لای خوا ناشیرنە هەم لای خەڵك ، ڕەزیلیش کەسێکە کە نە خۆیماڵی خۆی ئەخوا نە مناڵەکانی سوودی لێ ئەبینن ، خوا پێی بەخشیوە کەچی هەر وەك سواڵکەرە شوکری خوا ناکا هەر ئەڵێ نیتم دەوڵەمەنە بەڵام زەکات نادا وە مافی ماڵ و مناڵی نادا چ جای مافی جیران و میوان ! ئەوە کە میوانی دێ دەم و چاوی گرژ ئەبێ پەنا بەخوا لەو سیفەتە ناشیرنە کە بێزراوو قێزراوەو هیچ کەسێکی تەبیعەت پاك حەزی پێ ناکا ، وە خاوەنەکەشی لای خوا سزای بۆ داندراوە خوا پەنامان بدات لە سزا ، خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ ال عمران ١٨٠ واتە : ( با واحیساب نەکەن و وا گومان نەکەن ئەوانەی ڕەزیلی ئەکەن لەوەی خوا پێی بەخشیون لە فەزلی خۆی =ئەوان ڕەزیلی تیا ئەکەن مافی زەکات و هەژار و میوان و مناڵ و خزمانی لێ دەرناکەن= با وانەزانن ئەوە بۆیان شتێکی چاکە نا بەڵکو ئەوە شەڕە بۆیان =توشی سزایان ئەکات= ئەو ماڵەی کە ڕەزیلیان تیا کرد =مافەکانیان لێ دەر نەکرد= ئەوە ئەبێ بە =مارێك= ئەخرێتە ملیان لە ڕۆژی قیامەت وە بۆ خوایە میراتی =مولکی= ئاسمانەکان و زەوی وە خوا زانایە بەوەی ئەیکەن =بە ئاشکراو نهێنی= ) .

**٤٥تاوانی ئەوەی جل و بەرگ زیاتر لە گۆزینگەکان بێتە خوارەوە و چەند تاوانێکی گەورەی تر**

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة ولا ينظر إليهم ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم . قال أبو ذر : خابوا وخسروا من هم يا رسول الله ؟ قال : المسبل والمنان والمنفق سلعته بالحلف الكاذب ) رواه مسلم واتە : ( سێ کەس خوا قسەیان لە گەڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەت وە سەیریان ناکات وە پاکیشیان ناکاتەوە لە تاوان وە سزایەکی توندو بە ئێشیان بۆ هەیە . ابو ذر ووتی : دۆڕاون و بەد بەخت و ڕیسوان ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ =پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم= فەرمووی : ئەوەی جلی درێژە بەدوای ئەخشێ =زیاتر لە گۆزینگی هاتۆتە خوارەوە= وە ئەوەی منەت ئەکا =باسی چاکەی خۆی ئەکاتەوە بەسەر خەڵکی= وە ئەوەی ڕەواجی بە فرۆشتنی شت و مەکەکانی خۆی ئەدا بە سوێندی درۆ ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ما أسفل من الكعبين من الإزارففي النار ) رواه البخاري واتە : ( =هەر جلێ= لە گۆزینگەکان زیاتر بێتە خوارەوە ئەوە لە ئاگرە ) .

وه پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إزرة المؤمن إلى نصف الساق و لا جناح عليه فيما بينه و بين الكعبين ما كان أسفل من الكعبين فهو في النار من جر إزاره بطرا لم ينظر الله إليه ) صحيح الجامع ٩٢١ واته : ( =جلى= خوارەوەی بڕوادار تا نیوەی لاقیەتی وە تاوانی لە سەر نیە لە بەینی نیوەی لاقی لەگەڵ گۆزینگەکان وە ئەوەی کە لە خوارەوەی گۆزینگەکان بێت ئەوە بۆ ئاگرە هەر کەسێ جلی خوارەوەی بە دوایەوە بخشێ بە فیزەوە ئەوە خوا سەیری ناکا).

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا ينظر الله يوم القيامة إلى من جر ثوبه خيلاء ) رواه البخاري و مسلم واته : ( خوا سەیری کەسێ ناکا لە ڕۆژی قیامەت کە جلەکەی بە فیزو تەکەبورەوە بەدوای خۆی خشاندبێ ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ثلاثة لا ينظر الله عز وجل إليهم يوم القيامة : العاق لوالديه و المرأة المترجلة و الديوث ، و ثلاثة لا يدخلون الجنة : العاق لوالديه و المدمن الخمر والمنان بما أعطى " .سلسلة الاحاديث الصحيحة ٦٧٤ واته : ( سێ =جۆر کەس= خوا عز وجل سەیریان ناکات لە ڕۆژی قیامەت : ئەوەی ئەزێتی دایك و باوکی بدات و لە قسەیان دەرچێ وە ئەو ئافرەتەی خۆی بە پیاو بچوێنێ وە دیوث =ئەوەی بێ دەنگی ئەکا لە فاحیشە لە ماڵی خۆی بێ غیرەتەو غیرەت لە سەر ناموسی ناکا= ، وە سێ =جۆر کەسی تر= ناچنە بەهەشتەوە : ئەوەی ئەزێتی دایك و باوکی بدات و لە قسەیان دەرچێ وە مودمینی خەمر =ئەوەی خوو ئەگرێ بە خواردنەوەی بێ هۆش کەرەکان و لە سەری بەردەوام ئەبێ= وە ئەوەی منەت ئەکا بەوەی کە ئەیبەخشێ =باسی ئەکاتەوەلە ڕووی خەڵك ئەی ئەو چاکەم لە گەڵ نەکردی= ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ثلاثة قد حرم الله عليهم الجنة : مدمن الخمر و العاق و الديوث الذي يقر في أهله الخبث ) صحيح الجامع ٣٠٥٢ واته : ( سێ =جۆر کەس= خوا بەهەشتی لە سەر حەرام کردوون : مودمینی خەمر =ئەوەی خوو ئەگرێ بە خواردنەوەی بێ هۆش کەرەکان و لە سەری بەردەوام ئەبێ= وە ئەوەی ئەزێتی دایك و باوکی بدات و لە قسەیان دەرچێ وە دیوث ئەوەی بێ دەنگی ئەکا لەناو منداڵ وکەسەکانی خۆی کە پیسیان =فاحیشەیان تیا بێ= ) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

١–بۆمان دەرکەوت کە درێژ بوونی جل زیاتر لە گۆزینگەکان تاوانەو لە ئاگرە ئەوەش فەرموودەی پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم .

٢– وە بۆمان دەر کەوت ئەگەر جل درێژ بێ زیاتر لە گۆزینگ و لەگەڵ ئەوەش فیزو تەکەبوری لەگەڵ بێت ئەوە تاوانەکە گەورەتر ئەبێت و هەڕەشەی گەورەتری لەسەرە بەوەی خوا سەیری ناکا لە ڕۆژی قیامەت !.

٣–بەردەوام بوون لە خواردنەوەی بێ هۆشکەرەکان تاوانێکی گەورەیەو ئەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەوەی ناچێتە بەهەشتەوە !.

٤–وە بۆمان دەرکەوت ئەو هەڕەشە گەورەیە بۆ ئەو کەسانەشە ئەزێتی دایك و باوکیان ئەدەن و لە قسەیان دەر ئەچن .

٥–وە بۆمان دەرکەو ئەو هەڕەشە بۆ ئەو کەسانەشە کە غیرەتیان ناجوڵێ لەوەی فەسادو فاحیشە لەماڵی خۆیان ئەبینن و بێ دەنگ ئەبن و ڕێی لێ ناگرن!.

٥– وە هەڕەشەکە بۆ ئەوەشە کە منەت بەسەر خەڵکیەوە ئەکات لەوەی شتێکی پێ بەخشیون باسی ئەکاتەوە لە ڕوویان !.

وە بێ گومان زۆر شتی تر هەن لە فەرموودەکان بۆ ئەوەی بیری لێ بکاتەوەو تێ بگات و خاوەن عەقڵ بێت .

## واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە لە گەڵ ئەم فەرموودانە

بەداخەوە کە کۆمەڵگەی ئێمە ئەم تاوانانەی لەناودا بڵاو بۆتەوە بە شێوەیەکی زۆر ! ئەبینین کار گەیشتۆتە ئەوەی خەڵکانێك دایك و باوکیان فڕێ بدەن نەك هەر بە قسەیان نەکەن ! بیستومانە کە هەشە لە دایك و باوکی خۆی ئەدات و جنێویشیان پێ ئەدا ! ئەوە باسی ئەوە مەکە کە چەندین گەنج و پیر خوویان بە خواردنەوەی ئارەق و شتە بێ هۆشکەرەکان گرتووە ! وە جۆرە خەڵکێکیش بازرگانی بە تلیاك ئەکەن و ڕەواجی پێ ئەدەن و گەنجەکانمان بە تایبەتی توشی ئەو نەهامەتیە ئەکەن شاهێدیش بۆ قسەکانم گیرانی ئەو هەموو کەسانەی کە بازرگانیان ئەکرد بە تلیاك لە لایەن ئاسایشەوە دەستیان خۆش بێ ، وە ئەشزانین کە چۆن خەڵك توشی ئەوە بووە کەنەتوانێ ئاگای لە ماڵ و منالی خۆی بێ فاحیشە ئەبینێ بە چاوی خۆی بەڵام غیرەتی گۆڕینی ناکا ! وە با بێینە سەر باسی منەت کردن بە سەر خەڵکەوە زۆر سەیر بڵاو بۆتەوە لە نێومان کە تاوانێکی گەورەیەو چاکەو سەدەقەش بەتاڵ ئەکاتەوە ! بەداخەوە لە لایەن حیزبە بەناو ئیسلامیەکانیش ئەو منەتەمان بەسەرەوە ئەکرێ ! کە ئەوەنە یەتیمە بەخێو ئەکەن ئەوەنە ئاژەڵەیان کرد بە قوربانی ئەوەنە

مزگەوتەیان دروست کرد ..... ئەوە زۆر سەیرە ئەوەی چاکە ئەکا ئەبێ بۆ خوا بێ ئەگەر بۆ ڕەواجی زیاتری حیزبەکەی بێ ئەوە خوا وەری ناگرێ ! وە لەگەڵ ئەوەش منەت بکا ئەوە هەر خراپ تریش پەنا بەخوا ! وە زۆر کەس هەن چاکەیەك ئەکا لە گەڵ کەسێکی هەژار ئیتر وا ئەزانێ ئەبێ ئەو کەسە هەژارە ببێ بە عەبدی ئەو وەخزمەتی بکا ئەیشکێنێتەوەو لەڕووی ئەداتەوە ! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالْأَذَى كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لَا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ البقرة ٢٦٤ واتە : ( ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە سەدەقەکانی خۆتان بەتاڵ =پوچ= مەکەنەوە بە منەت کردن و ئەزێت دان =بەوەی باسی بکەیتەوە لەڕووی یان بیشکێنیەوە لەناو خەڵکاو یان داوای بەرامبەر بکەیت= وەك ئەو کەسەی کە ماڵی خۆی ئەبەخشێ بۆ ئەوەی خەڵکی ببینن =بڵێن پیاوێکی سەخیە نەك بۆ خوای بێ= وە بڕوا ناهێنێ بە خواو بە ڕۆژی دوایی جا نمونەی ئەوە وەك نمونەی بەردێکی ڕەقە کە خۆڵی بەسەرەوەیە جا بارانێکی توند لێی ئەدا خۆڵەکەی لێ ئەبێتەوەو بە ساف ئەمێنێتەوە ئەوانە هیچ توانایان نیە لەوەی کە کردوویانە هیچیان بۆ نامێنێتەوە وەك چۆن ئەو بەردە بە باران خۆڵەکەی بەسەرەوە نەما وەخوا هیدایەتی قەومی کافران نادات ) .

لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێبوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com